# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

**ژمارە(٣٢٩) سالی بیست وچوار ١٢ کانوونی یەکەم ٢٠٢٤زایینیی ٢٢ سەرماوەرز ٢٧٢٤ کوردی ١١ جمادی دووەم ١٤٤٦ کۆچی**

# 329



**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی پەروەردە** لا ١

ڕێنمایی فێرکردن وڕاهێنانی خوێندنی پیشەیی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی تەندروستی** ٥٣

ڕێنمایی هەموارکردنەوەی ڕێنمایی (بەخشین و چاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ)

ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٨

**بەیانی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی ناوخۆ** ٥٥

هێنانەکایەی ناحیەکانی ( شاریا ، مسێریک ، تەناهی )

**بەیانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی داد** ٥٥

**بەیانی ژمارە (١٧ و ١٨)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی** ٥٦

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كـوردسـتـان - تصدر مـن قبـل وزارة العـدل

العدد(٣٢٩) السنة رابعة وعشرون ١٢ كانونى الأول ٢٠٢٤ م. ٢٢ سەرماوەرز ٢٧٢٤ ك. ١١جمادي الثانى ١٤٤٦ هـ.

**329**

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice


| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٤ وزارة التربية | ١ |
| تعليمات رقم (١٢) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الصحة | ٥٣ |
| بيان رقم (٢٣) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الداخلية | ٥٥ |
| بيان رقم (١٨) لسنة ٢٠٢٤ وزارة العدل | ٥٥ |
| بيان رقم (١٧ و ١٨) لسنة ٢٠٢٤ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ٥٦ |

No. 329 Date: December 12, 2024 - Vol.: 24

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**وەزارەتی پەروەردە**
**ژمارە: ٣٥١٢٢ لە ٢٠٢٤/١٢/٣**

پاڵپشت بەحوکمی ماددەی (٩٣) لە پەیڕەوی قوتابخانەکانی خوێندنی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٧، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:-

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ڕێنمایی فێرکردن وڕاهێنانی خوێندنی پیشەیی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەکان**

**ماددەی (١): ئەم زاراوانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن:**

**یەکەم: وەزارەت:** وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان-عێراق.

**دووەم: وەزیر:** وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان-عێراق.

**سێیەم: بەڕێوەبەری گشتی:** بەڕێوەبەری گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی.

**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی پیشەیی لە وەزارەت.

**پێنجەم: خوێندنگە:** خوێندنگە ئامادەییەکان و پەیمانگە خوێندن وفێرکردن وڕاهێنانی پیشەیی تێدایە.

**شەشەم: قوتابخانە:** قوتابخانە بنەڕەتیەکان کە خوێندن و پەروەردەی پیشەیی تێدایە.

**حەوتەم: ناوەند:** ناوەندی فێرکردن وڕاهێنانی پیشەیی ناحکومی.

**هەشتەم: کارگێری:** کارگێری خوێندنگە.

**نۆیەم: سەرپەرشتیار:** سەرپەرشتیاری پیشەیی.

**دەیەم: مامۆستا:** مامۆستای پیشەیی.

**یازدەم: ڕاهێنەر:** ڕاهێنەری هونەری لە بواری پیشەیی.

**دوازدەم: دامەزراوەکانی خوێندنی پیشەیی:** دامەزراوەکانی خوێندنی پیشەیی حکومی و ناحکومی.

**بەشی دووەم**

**بڕگە گشتییەکان**

**ماددەی (٢): ئامانج لە خوێندنی ئامادەیی پیشەیی بریتییە لە:**

**یەکەم:** ئامادەکردنی دەستەی تەکنیکی شارەزا لە ڕووی ئەکادیمی وکردارییەوە لە ڕێگەی خوێندنی تیۆری و ڕاهێنانی کرداری و پیادەکردنی مەیدانی بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی بازاڕی کار یان درێژەدان بە خوێندن لە بوارە تەکنیکە جیاوازەکاندا.

**دووەم:** ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ئەو گەنجانەی خوێندنی بنەڕەتی یان هاوتاکەیان تەواو کردوە و ناویان تۆمار کردوە لە یەکێک لە جۆرەکانی خوێندنی پیشەیی بۆ پەرەپێدانی کەسایەتییەکانیان لە لایەنە جۆراو جۆرەکانی جەستەیی، هزری، ڕەوشت، بونیادنانی پێشکەوتنی زانستی، کارامەییەکان وئامادەکردنیان بۆ ئەوەی ببن بە بەشێکی کارا و نەوەیەکی هۆشیار لە گەنجانی کوڕ و کچ کە باوەڕیان بە خوا و خۆشەویستی نیشتیمان هەبێت و ئاگاداری دەستکەوتەکانی زانستی سەردەمی پێشکەوتوی کرداری بن لە ژیان و بەشدار بن لە کاری بەرهەمدار و خزمەتگوزاری و ڕۆڵیان هەبێت لە جێبەجێکردنی پلانەکانی گەشەپێدان بە ئامانجی بونیادنانی ئابورییەکی نیشتمانی پێشکەوتوو و گەشەسەندووی بەردەوام.

**ماددەی (٣): خوێندنی پیشەیی لەم جۆرانە پێکدێت:**

**یەکەم:** فێرکردن و ڕاهێنانی قوتابییانی قۆناغی بنەڕەتی (پەروەردەی پیشەیی).

**دووەم:** خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی لە قۆناغی ئامادەیی (خوێندنی ئامادەیی پیشەیی) کە چەندین بەش دەگرێتەوە لەوانە (پیشەسازی، کشتوکاڵ، بازرگانی، گەشتیاری، هونەری کارپێکراو وئارایشگا وتەکنەلۆژیا وەک پسپۆڕی چاککردنەوەی کۆمپیوتەر هتد...). ماوەی خوێندن لەم قۆناغەدا (٣) سێ ساڵە، ئەو خوێندکارانەی لەتاقیکردنەوە گشتییەکانی ئامادەیی پیشەیی دەردەچن و بڕوانامەی خوێندنی ئامادەیی پیشەیی بەدەستدێنن و شایستە دەبن بۆ چوونە ناو بازاڕی کار یان پەیوەندیکردن بەزانکۆ و پەیمانگە تەکنیکییەکانەوە بۆ تەواوکردنی خوێندن لە هەمان پسپۆڕی یان پسپۆڕی هاوشێوە.

**سێیەم:** خوێندنی پیشەیی ناحکومی، بەپێی ڕێنماییەکانی خوێندنی ناحکومی لە دەسەڵاتی وەزیر دایە مۆڵەت بدات بە کردنەوەی:

أ- خوێندنی ئامادەیی پیشەیی کە چەندین بەش دەگرێتەوە لەوانە (پیشەسازی، کشتوکاڵ، بازرگانی، گەشتوگوزار، هونەری کارپێکراو و ئارایشگا وتەکنەلۆژیا وەکو پسپۆڕی چاککردنەوەی کۆمپیوتەر هتد...). ماوەی خوێندن لەم قۆناغەدا (٣) سێ ساڵە دەرچووی ئەو ئامادەییانە هاوشێوەی ئامادەییە حکومییەکان لە زانکۆ وپەیمانگاکان وەردەگیرێن.

ب- ناوەندی فێرکردنی پیشەیی ناحکومی بۆ فێرکردنی زمان، پیشەو خولی بەهێزکردنی بابەتەکانی خوێندن کە ماوەی خولی خوێندن و ڕاهێنان لە ساڵێک کەمتر بێت. لە بەشی (چواردیەم) بە درێژی باسکراوە.

**چوارەم:** کردنەوەی خوێندنی پیشەیی نوێ یان بەشی پیشەیی نوێ بەپێی پێویستی بازاڕی کار و پێشکەوتنە زانستی و تەکنیکییەکان .

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** دەبێ ڕۆڵ ومتمانەی خوێندنی پیشەیی بەرز وبەهێز بێت، بەرەنگاری لادانەکان بکات وبنەما سەرەکییەکانی ڕەوشت وبنەماکانی ڕەفتار بچەسپێنێت خوێندنی پیشەیی پابەندە بەمانەی خوارەوە:

أ- پابەندبوون بە بنەما پەروەردەییەکان بەپێی بنەماکانی دەستپاکی وڕەتکردنەوەی هەموو جۆرەکانی گەندەڵی وهەوڵدان بۆ چەسپاندنی چەمکەکانی ڕەوشت وڕەفتار بەبەرجەستەکردنی دڵسۆزی وڕێزگرتن وشەفافیەت.

ب- دەبێ خوێندکاران ومامۆستایان متمانەیان بە کارگێڕی خوێندنی پیشەییەوە هەبێت، ڕێگەیان پێبدرێت بە ئازادی ودیموکراسییانە وبە متمانەوە بیروڕای خۆیان دەربڕن، هەروەها پێویستە کارگێڕی خۆی لە لایەنگری هەر لایەنێک بەدور بگرێت و بابەتی بێت لە پرۆسەکانی هەڵسەنگاندن وپلەبەرزکردنەوە ودامەزراندن وخستنەسەرکار.

پ- بەشداریکردن بە بیروباوەڕ وبەرپرسیارێتی تەواو لە لایەن سەرجەم پێکهاتەکانی خوێندنی پیشەیی لە بەرزکردنەوەی پێگەی خوێندنی پیشەیی بە دوورکەوتنەوە لە لایەنگری وهەموو کارێک کە ڕەنگە کاریگەری لەسەر بنەما سەرەکییەکانی ئازادی و مافەکانی خوێندنی پیشەییەوە هەبێت.

ت - پێویستە کارگێڕی لە ئامادەکردنی وانەکانیاندا داواکاری مامۆستایان جێبەجێ بکات وبەڵگەنامە وکەرەستەی پێویستی تایبەت بۆ مامۆستایان ومامۆستایانی فێرکردنی کرداری لە تاقیگەکاندا دەستەبەر بکات.

ج- مامۆستا دەبێ ڕێز لە بنەماکانی ڕەوشتە پەروەردەییەکان بگرێت وزۆر بە وردی وکارامەیی وەدەستپاکی ونیازپاکی مامەڵە لەگەڵ دامەزراوەکانی خوێندنی پیشەیی بکات.

**دووەم:** پێویستە کارگێڕی ودەستەی مامۆستایان خۆیان لە هەموو جۆرە جیاکارییەک بەدوور بگرن وەک ڕەگەز، پێگەی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی ئایینی یان نەتەوەیی، بۆچوونی سیاسی، کەمئەندامی یان نەخۆشی.

**سێیەم:** پێویستە کارگێڕی هەموو مەرجێکی ڕێگەپێدراو بۆ خوێندکاران فەراهەم بکات بۆ ئەوەی لە فێربوون و پسپۆڕییەکەیدا پێشبکەوێت.

**چوارەم:** پێویستە ڕەچاوی لایەنی پەروەردەیی ومرۆیی وکۆمەڵایەتی لە کار وئەرکەکانی بکات ورۆڵی خۆی ببینێت ورۆڵی سەرەکی هەبێت لە بنیادنانی هاوڵاتییەکی باش بۆ گەشەپێدان وپێشکەوتنی وڵات.

**پێنجەم:** پێویستە خوێندنگە هاوسەنگ بێت لەگەڵ گەشەسەندنی زانست وتەکنەلۆژیا وشێوازەکانی وانەوتنەوەو ڕێگەی سەرکەوتوو بدۆزێتەوە بۆ پەرەپێدان و وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی ژیانی هاوچەرخ کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبن.

**شەشەم:** پێویستە خوێندنی پیشەیی لە پەیوەندییەکی بەردەوامدابێت لەگەڵ جیهانی دەرەوە بەتایبەتی لەگەڵ دامەزراوە ئابووری وبەرهەمهێنەکان ولایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە بۆ ئەوەی هاوسەنگ بێت لەگەڵ گەشەسەندنی تەکنەلۆژی ودابینکردنی پێداویستییەکانی بازاڕی کار لەلایەک وڕەخساندنی بوارەکانی ڕاهێنان بۆ خوێندکاران ودامەزراندنیان لە لایەکی دیکەوە.

**حەوتەم:** دامەزراوەکانی خوێندنی پیشەیی پابەند دەبن بە ڕێنماییەکانی وەزارەت یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی ئامادەیی وپیشەیی جگە لەوەی کە لەم ڕێنماییەدا دیاریکراوە.

**بەشی سێیەم**

**ڕێکخستنی کارگێڕی خوێندنی ئامادەیی پیشەیی**

**ماددەی (٥): میلاکی خوێندنی ئامادەیی پیشەیی لەمانەی خوارەوە پێکدێت:**

**یەکەم:** بەڕێوەبەر.

**دووەم:** یاریدەدەری هونەری.

**سێیەم:** یاریدەدەری کارگێڕی.

**چوارەم:** یاریدەدەری کاروباری خوێندکاران.

**پێنجەم:** مامۆستا و ڕاهێنەر

**شەشەم:** سەرۆکی بەشەکان.

**حەوتەم:** ژمێریار.

**هەشتەم:** ئەمینداری کتێبخانە.

**نۆیەم:** بەرپرسی چاککردنەوە.

**دەیەم:** ئەمینداری کۆگا.

**یازدەیەم:** ئەو فەرمانبەرانەی کە بەپێی پێویست کاروباری کارگێڕی ودارایی وخزمەتگوزاری وبەرهەمهێنان ئەنجامدەدەن

**ماددەی (٦):**
بەڕێوەبەر دەبێت بەلایەنی کەمەوە خاوەنی بڕوانامەی زانکۆیی بێت لە یەکێک لە لقەکان یان پسپۆڕییە پیشەییەکان هەروەها دەبێت ئەزمونی لەوانەوتنەوەی تیۆری وپراکتیکیدا هەبێت کە لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت.

**ماددەی (٧): ئەرکەکانی بەڕێوەبەر بریتین لەمانەی خوارەوە:**

**یەکەم:** بەڕێوەبەری خوێندنگە سەرۆکی باڵای سەرجەم فەرمانبەرانی خوێندنگەیە بەبێ جیاوازی هەروەها مافی خۆیەتی دەستپێشخەری پێویست بکات بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندی گشتی ودڵنیابێت لە بەڕێوەچوونی وانە تیۆری وکردارییەکان وڕاهێنان لە سنووری ڕێنماییەکانی کارپێکراو بۆ ئەمەش دەبێت هەڵبستێت بە:

أ- پێدانی ڕێنویی وفەرمانی پێویست بە مامۆستایان وفەرمانبەران.
ب- دابەشکردنی کەلوپەلەکانی خوێندن بەسەر مامۆستایان وڕاهێنەران بەهاوکاری یاریدەدەرەکان.
پ- دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن وگەیشتن بە ئامانجەکان وبەدواداچوون بۆ کاری دەستەی مامۆستایان.
ت - پشکنین بۆ ئامێرە جۆراوجۆرەکانی خوێندنگە وپابەندبوون بە دەوامی فەرمی.
ج- دابەشکردنی کار بەسەر یاریدەدەرەکانی بە دەرکردنی فەرمانی خوێندنگەو دیاریکردنی ئەرکی فەرمانبەرەکانی دیکە، بەپێی یاسا وڕێنماییەکان.
چ- واژۆکردنی مامەڵەی خوێندنگەو وفەرمان ونوسراوە دەرچووەکانی خوێندنگە ومامەڵە داراییەکان.
ح- چەسپاندنی پەیوەندی خوێندنگە لەگەڵ بەخێوکەرانی خوێندکاران بەتایبەتی ئەوانەی دەکەونە ناوچەی خوێندنگەکەیەوە هەروەها لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە بازاڕی کار.
خ- ڕێکخستنی تاقیکردنەوەکانی وەرزی وتاقیکردنەوەکانی کۆتایی خوێندنگەکەی بە هاوکاری یاریدەدەر وسەرۆک بەشەکان.
د- ڕێکخستنی ڕاهێنانی کرداری وهاوینە بۆ خوێندکاران بە هاوکاری یاریدەدەری هونەری.
ر- بەرپرسیارێتی وڕاگرتنی مۆری خوێندنگە.
ز- چاودێری کاروباری خوێندنگەو کارکردنی دەکات وهەموو دەستپێشخەرییەکی پێویست دەکات بۆ دڵنیابوون لەم کارە.
ژ- ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی ساڵانەی پێشکەوتنی کارەکان لە کۆتایی هەر ساڵێکی خوێندندا وپێشکەشی سەرووی خۆی دەکات و وێنەیەکی بۆ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی دەنێرێت کە ئەمانەی خوارەوەی تێدا تۆمار دەکرێت:

١- بارودۆخی دەستەی مامۆستایان و وانەبێژان و ئامادەدان بە بڕوانامەی هەریەکێکیان وئەو وانانەی کە دەیڵێنەوە لەگەڵ ژمارەی بەشەوانەکان لە کاتی دەوامدا.
٢- بارودۆخی فەرمانبەرانی خوێندنگە (ژمێریار، کارمەند، ئەمینداری کتێبخانە و هتد)
٣- خشتەیەکی ساڵانەی مۆڵەتی نەخۆشی ومۆڵەتی منداڵبوون بۆ دەستەی مامۆستایان و دەستەی فەرمانبەرانی خوێندنگە.

٤- ڕێژەی سەرکەوتن و سەرنەکەوتن بەپێی بابەتەکان و پسپۆڕییەکان بە وردی .
٥- ژمارەی ئەو پسپۆڕی و بەشە پێشنیارکراوەکانی کارگێڕی خوێندنگە بۆ ساڵی داهاتوو.
٦- کتێبەکانی پەسەندکراو بۆ ساڵی خوێندنی داهاتوو.
٧- پوختەیەک لە بڕیارەکانی لیژنەی ڕێککاری لە ماوەی ساڵی خوێندندا.
٨- پێداویستیەکانی خوێندنگە لە ڕووی سەرچاوە مرۆییەکان ومادییەکان.
٩- بارودۆخی باڵەخانە و پێکهاتەکانی بە ئاماژەدان بەڕووبەرەکان و بەکارهێنانیان، بەشە کردارییەکان و بارودۆخیان، هەروەها دۆخی ژینگەیی خوێندنگەو پێداویستییەکانی چاککردنەوە.
١٠-هەموو ئەو ڕاپۆرت و داتایانەی دیکە کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئامادەیی و فێرکردنی پیشەیی داوای دەکات.

**دووەم:** یاریدەدەری کارگێڕی ئەرکەکانی بەڕێوەبەر جێبەجێ دەکات لە کاتی نەبوونی بەڕێوەبەر لەبەر هەر هۆکارێک، و لە کاتی نەبوونی یاریدەدەری کارگێڕی پێویستە بەڕێوەبەر یەکێک لە یاریدەدەرەکانی یان مامۆستایەک ڕابسپێرێت بۆ بەڕێوەبردنی خوێندنگە.

**ماددەی (٨):**

**یەکەم:** دەبێت بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکانی سەرپەرشتی ئەم تۆمارانەی خوارەوەی خوێندنگە بکەن وبەدواداچوون بۆ ڕێکخستنەکەیان بکەن و لە دروستی زانیارییەکانی ناویان دڵنیابن:

**أ-** تۆمارێک بۆ هەڵسەنگاندنی چالاکی پەروەردەیی مامۆستایان و پەروەردەکاران و ڕاهێنەران.
**ب-** تۆماری سەردانی پسپۆری پەروەردەیی و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و بەرپرسانی دیکەی پەروەردەیی.
پ- تۆماری هاتن و دەرچوونی بەڕێوەبەر.
**ت -** تۆمارکردنی کۆنوسی کۆبوونەوەکان لە گەڵ کهسانی پەیوەندیدار لە بازاڕی کار.
ج- تۆماری ناونوسینی خوێندکاران.
چ- تۆماری نمرەی تاقیکردنەوەکانی خوێندنگە.
ح- تۆماری میلاکی خوێندنگە.
خ- تۆماری ئامادەبوونی ڕۆژانەی خوێندکاران.
د- تۆماری  کۆنوسەکانی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی مامۆستایان.
ر- تۆماری کۆنوسی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی دایبابان و مامۆستایان.
ز- تۆماری بڕیارەکانی لیژنەی ڕێککاری.
ژ- تۆماری هەژماری کتێبەکانی خوێندن  و فرۆشگای خوێندنگە.
س- تۆماری کتێبخانە.
ش- تۆماری کەلوپەلی خوێندنگە.
ع- تۆماری هاتن و دەرچوون.
غ- تۆماری پێداویستی وەرزشی.
ف- تۆماری ئاماری پەروەردەیی.
ڤ- تۆماری کرێی وانەبێژان.

ق- تۆماری ڕاهێنانی هاوینە.
ك- تۆمارەکانی پرۆژەکانی ڕاهێنانی وەبەرهێنان و چالاکییەکانی یەکترگرێدان.
گ- تۆماری بەڵگەنامەکانی خوێندنگە.
ل- تۆمارەکانی کەلوپەلەکانی بەشە پیشەییەکان .
ڵ- هەر تۆمارێکی دیکە کە بەپێی سروشتی کارەکە پێویستە.
**دووەم:** بەڕێوەبەری خوێندنگە بە شێوەیەکی کەسی و تایبەت ئەو تۆمارانە دەپارێزێت کە لە خاڵەکانی (أ و ب) ئەم ماددەیەدا هاتووە، هەروەها دەتوانێت ڕێگە بە یاریدەدەرەکانی و سەرۆکی بەشەکان وکارمەندانی پەیوەندیدار بدات کە تۆمارەکانی دیکە هەڵبگرن بەپێی ئەو فەرمانانەی لە سەرەتای ساڵی خوێندندا دەریان دەکات.
**سێیەم:** ئەو تۆمارانەی لەم ماددەیەدا دیاریکراون ڕێکدەخرێن، لاپەڕەکانی تۆمارەکان ژمارەیان بۆ دادەنرێت، هەروەها پێرستی تایبەت بۆ ئەو پەڕاوانە دادەنرێت کە بابەتەکانی ناوەڕۆک لەخۆوە دەگرێت و ئەم تۆمارانە بەپێی ئەو فۆرمە یەکگرتوانە ڕێکدەخرێن کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەییەوە دەردەچن.
**چوارەم:** دەکرێت زانیارییەکانی ئەو تۆمارانەی لە خاڵەکانی سەرەوە ئاماژەیان پێدراوە بەشێوازی ئەلیکترۆنی تۆمار بکرێت ،لە هەموو بارێکدا پێویستە تۆمارە کاغەزییەکان ڕێکبخرێن.
**ماددەی (٩):**
یاریدەدەری کارگێڕی دەبێت خاوەنی لایەنی کەم بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت وئەزموونی لە وانەوتنەوەی تیۆری وپراکتیکیدا هەبێت کەماوەکەی لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بەڕێوەبەری خوێندنگەوە هەیە و لە ڕێکخستنی وانە تیۆرییەکان هاوکاری دەکات، فەرمان ورێنماییەکانی جێبەجێدەکات و بەو کارانە هەڵدەستێت کە بەڕێوەبەری خوێندنگە پێیدەسپێرێت.
**ماددەی (١٠): یاریدەدەری کارگێڕی ئەم ئەرکانە ئەنجامدەدات:**
**یەکەم:** بەهاوکاری لیژنەی تاقیکردنەوەکان و بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەر هەڵدەستێت بەئامادەکردنی خشتەی وانەی هەفتانە و خشتەی تاقیکردنەوەکان.
**دووەم:** سەرپەرشتی کاری دەستەی مامۆستایان دەکات کە وانەی تیۆری پێشکەش دەکەن.
**سێیەم:** بەهاوکاری هەر مامۆستایەکی وانە تیۆرییەکان پلانێکی ساڵانە بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامی خوێندن دادەنێت کە تیایدا قۆناغەکانی وەرزی و مانگانە و هەفتانەی جێبەجێکردنی تێدا دیاریکراوە.
**چوارەم:** پشکنین بەپێی ڕێکەوتی پێویست بۆ پابەندبوونی هەر مامۆستایەک بەپلانی جێبەجێکردنەوە دەکات لەگەڵ دڵنیابوون لەو شێوازە پەروەردەییانە کە مامۆستا پەیڕەویان دەکات بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتییان و ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتەبەر.
**پێنجەم:** ڕۆژانە تۆماری ئەو پۆلانە دەپشکنێت وواژۆیان لەسەر دەکات کە بابەتەکانی وانەکانی ڕۆژانەیان تێدا تۆمار دەکرێت.
**شەشەم:** تێبینییەکانی لە تۆماری مامۆستایانی خوێندنی تیۆری و تۆماری خوێندکاران سەبارەت بە وانە تیۆریەکان تۆمار دەکات بەپێی ئەو فۆرمەی کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەییەوە دانراوە.

**حەفتەم:** پێداگری لە دەرەنجامی تاقیکردنەوەی خوێندکاران دەکاتەوە وپشکنین وبەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی خولی وەرزی ونیوەی ساڵ و کۆتایی ساڵ دەکات.

**هەشتەم:** هاوکاری یاریدەدەری تەکنیکی دەکات لە هەموو بابەتە هاوبەشەکانی وانەوتنەوە هاوکات هاوکاری بەڕێوەبەر دەکات لە پرسەکانی ڕێککاری،ڕەفتاری و چالاکییەکانی دەرەوەی پرۆگرام.

**نۆیەم:** تۆماری بڕیارەکانی ئەنجومەنی مامۆستایان لە ئەستۆ دەگرێت وبەرپرسیار دەبێ لە ئاگادارکردنەوەی مامۆستایان لەسەر بانگهێشتی بەڕێوەبەر و ئامادەکردنی کۆنوسی کۆبوونەوەکان بەتایبەتی ئاگادارکردنەوەیان و وەرگرتنی واژۆکانیان.

**دەیەم:** تۆماری ئاماری پەروەردەیی خوێندنگە لەئەستۆ دەگرێت.

**یازدەیەم:** واژۆ لەسەر ئەو نوسراوانە دەکات کە مامۆستایان و فەرمانبەران و کرێکاران ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی خوێندنگەکان دەکرێن.

**دوازدەیەم:** لە کاتی نەهاتنی بەڕێوەبەری ژمێریاری پێشینەی تایبەتی دیاریکراو وەردەگرێت.

**سێزدەیەم:** لە کۆتایی هەر وەرزێکی خوێندن ولە کۆتایی ساڵی خوێندن ڕاپۆرتێک پێشکەش بە بەڕێوەبەر دەکات.

**چواردەیەم:** لەکاتی نەهاتنی بەڕێوەبەر ئەو خوێندنگە بەڕێوە دەبات.

**پازدەیەم:** پشکنین بۆ بارودۆخی تەندروستی چێشتخانە و گۆڕەپانی یاری و پۆل و بەشە ناوخۆییەکان دەکات.

**شازدەیەم:** سەرۆکایەتی لیژنەکانی وەرگرتن دەربارەی پابەندبوونەکان بە چاککردنەوە و پاککردنەوە دەکات.

**حەڤدەیەم:** بەهاوکاری مامۆستا پسپۆڕەکانی وانەی وەرزش یارییەکان ڕێکدەخات کە لە خوێندنگە ئەنجامدەدرێن یان کە تیپە وەرزشییەکانی خوێندنگە بەشداری تێدا دەکەن.

**هەژدەم:** لە ڕێکخستنی لیژنەکانی تاقیکردنەوە لە خوێندنگە بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەر کە بەپێی ڕێنماییەکان ئەنجامدەدرێن بەشداردەبێت.

**نوزدەیەم:** تێبینیەکانی لەسەر کارتی خوێندکاران سەبارەت بە هەموو شتێک کە پەیوەندی بە بوارەکەیەوە هەیە دەنووسێت.

**بیستەم:** لە کارەکانی لیژنەی ڕێککاری خوێندنگە بەشداری دەکات.

**بیست و یەکەم:** چالاکی ڕۆشنبیری و وەرزشی و گەشتی زانستی و چالاکی دیکەی دەرەوەی پۆل کە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا نیە ڕێکدەخات.

**بیست و دووەم:** سەرپەرشتی کارەکانی کتێبخانە و دڵنیابوون لە پاراستنی ناوەڕۆکەکەی دەکات.

**بیست و سێیەم:** سەرپەرشتی چاککردنەوەی باڵەخانە و هۆڵەکان و کەلوپەلەکانی سەر بە چالاکییە وەرزشیەکان دەکات و ئەرکەکانی ڕێکخستن و بەکارهێنانیان لە ئەستۆ دەگرێت.

**بیست و چوارەم:** بەدواداچوون بۆ کاروباری پاکوخاوێنی و پاسەوانی لە باڵەخانە و باخچە و گۆڕەپانی یارییە جیاوازەکانی خوێندنگە دەکات.

**بیست و پێنجەم:** ووتنەوەی بەشەوانەکانی خۆی کە دیارکراون بەپێی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (١١):**
یاریدەدەری هونەری دەبێت لایەنی کەم بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی لە یەکێک لە لقە پیشەییەکان هەبێت ودەبێ ئەزموونی وانەوتنەوەی تیۆری یان پراکتیکی هەبێت کە ماوەکەی کەمتر نەبێت لە سێ ساڵ وە. دانانی بە بەدەر لە ڕێژەی خوێندکارانەوە دەبێت وپەیوەندی ڕاستەوخۆی بەبەڕێوەبەری خوێندنگەوە هەیە و هاوکاری دەکات لە ڕێکخستنی چالاکییە زانستی وکردارییەکان و وانەکان بەهاوبەشی لەگەڵ یاریدەدەری کارگێڕی، فەرمان وڕێنماییەکانی بەڕێوەبەری خوێندنگە جێبەجێ دەکات.

**ئەرکەکانی یاریدەدەری هونەری**

**ماددەی (١٢): ئەو ئەرکانەی خوارەوە جێبەجێ دەکات:**

**یەکەم:** بەدواداچوون بۆ کاری مامۆستایانی پسپۆڕ لە وانە کردارییەکان دەکات و دڵنیادەبێتەوە لە پابەندبوونیان.

**دووەم:** هاوکارە لەگەڵ سەرۆکی بەشەکان بۆ داڕشتنی گروپەکانی ڕاهێنان ودانانی پلانی پێویست بۆ جێبەجێکردنیان و دانانی شێوازی هەڵسەنگاندن و دانانی نمرەکان کە شایستەن بۆ خوێندکاران لە قۆناغە جیاجیاکانی ڕاهێنانەکانیاندا.

**سێیەم:** خشتەی وانەی هەفتانەی کردارییەکان بە هاوکاری یاریدەدەری کارگێڕی ڕێکدەخات.

**چوارەم:** پشکنین بۆ کاری ئەمینداری کۆگا دەکات و پێداگری لە پیادەکردنی ڕێسا ئابوورییەکان دەکاتەوە لە بەکارهێنانی کەرەستەکان و ئامێرەکان.

**پێنجەم:** پشکنین بۆ کاری سەرۆکی بەشەکان دەکات و دڵنیا دەبێتەوە لەوەی کە سەرجەم مامۆستایان وڕاهێنەران پابەندن بە ڕاهێنانی کرداری.

**شەشەم:** پلانێک بۆ ئەنجامدانی کاری کرداری بە هاوبەشی سەرۆکی بەشەکان دادەنێت و دڵنیا دەبێتەوە لەوەی شێوازی فێرکردن و شێوازی وانە ووتنەوە دروستن وە لەگەڵ هەر یەکێکیان ئەو ڕێکارانە دەگرێتەبەر کە پێویستیان بە بەکارهێنانی دروستی ئەو ڕاهێنانانە هەیە.

**حەفتەم:** واژۆ لەسەر فۆرمی داواکردنی کەرەستەی پێویست و بڕەکانیان دەکات بە مەبەستی دابینکردن و دابەشکردنی بەسەر بەشە کردارییەکان.

**هەشتەم:** واژۆکردن لەسەر داوای سەرۆکی بەش دەکات و فەرمانی پێدانی کەلوپەل و کەرەستەی دیاریکراو لە پلانی ساڵانە ودەرەوەی پلانی ساڵانە ئامادە دەکات .

**نۆیەم:** تێبینییەکانی لە دەفتەرەکانی پلانی وانە ووتنەوەی مامۆستایان و ڕاهێنەرانی کرداری و تۆماری خوێندکاران دەربارەی وانە کردارییەکان بەپێی فۆرمە پەسەندکراوەکان تۆمار دەکات.

**دەیەم:** ڕاپۆرتی وەرزی و ڕاپۆرتی گشتی لە کۆتایی ساڵدا سەبارەت بە پێشکەوتنی بنەمای کارپێکراو و کرداری پێشکەش بە بەڕێوەبەر دەکات.

**یازدەیەم:** هاوکاری یاریدەدەری کارگێڕی لە سەرجەم بابەتە هاوبەشەکانی وانەوتنەوە دەکات هەروەها هاوکاری یاریدەدەری کاروباری خوێندکاران لە بابەتەکانی ڕێککاری ڕەفتاری و چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل دەکات.

**دوازدەیەم:** سەرپەرشتی دابەشکردن و خەرجکردنی پێشینەکان بۆ بەشە کردارییەکان دەکات.

**سێزدەیەم:** دوای ڕەزامەندی سەرۆکی بەش داواکاری مامۆستایانی بەشە کردارییەکان ڕەوانەی پزیشکی تەندروستی خوێندنگە دەکات بەڕەچاوکردنی پڕکردنەوەی شوێنە بەتاڵەکان کە لە ئەنجامی ئەمەدا ڕوودەدەن.

**چواردەیەم:** سەرپەرشتی چاککردنەوەی ئامێرەکان و ڕێکخستن و پاکوخاوێنی بەشەکان دەکات هەروەها لیستی کەرەستەکان و ئامێرە پێویستەکان بۆ هەر بەشێک ئامادە دەکات.

**پازدەیەم:** بەرپرس دەبێت لە دەوام و ئامادەبوونی مامۆستایان و وانەبێژان و تەکنیکاران و ئەمینداری کۆگاکان و سەرجەم کارمەندانی بەشە کردارییەکان .

**شازدەیەم:** پشکنینی پەڕاوەکانی راپۆرتەکان و ڕاهێنانە کردارییەکانی خوێندکاران دەکات و چاودێری کارامەیی سەرۆکی بەشەکان و ڕاهێنەران دەکات وە کارەکانیان هەڵدەسەنگێنێت.

**حەڤدەیەم:** سەرپەرشتی پێشکەوتنی بەرهەمهێنان لە بەشە پراکتیکییەکان دەکات.

**هەژدەم:** چاودێری ڕاهێنانی هاوینەی خوێندکاران دەکات.

**نوزدەیەم:** ووتنەوەی بەشەوانەکەی خۆی کە دیارکراون بەپێی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (١٣):**

لە کۆتایی ساڵی خوێندندا، یاریدەدەرانی کارگێڕی و هونەری لیستی پێویستییەکانی کتێبی خوێندنی پەسەندکراو بۆ ساڵی خوێندنی داهاتوو ئامادە دەکەن.

**ماددەی (١٤):**

یاریدەدەری کاروباری خوێندکاران دەبێت لایەنی کەم بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی هەبێت بەمەرجێک ئەزمونی وانەوتنەوەی لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەبەڕێوەبەری خوێندنگەوە هەیە و هاوکاری دەکات لە ڕێکخستنی چالاکییە جۆراوجۆرەکان و کاروباری خوێندکاران، بەهاوبەشی لەگەڵ یاریدەدەری کارگێڕی و تەکنیکی فەرمان و ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەری خوێندنگە و ئەو ئەرکانەی پێی سپێردراوە جێبەجێ دەکات.

**ماددەی (١٥): یاریدەدەری کاروباری خوێندکاران ئەم ئەرکانەی خوارەوە ئەنجامدەدات:**

**یەکەم:** بڕوانامە بۆ خوێندکاران و تۆمارکردنی لە تۆمارگەی گشتی خوێندکاران و تۆماری بڕوانامەی دەرچوو وە هەروەها تۆمارکردنی بڕوانامەی هاتوو لە تۆمارگەی بڕوانامەی هاتوو ڕێکدەخات.

**دووەم:** ڕەوانەکردنی خوێندکاران و فەرمانبەران بۆ بنکە تەندروستیەکان بە پڕکردنەوەی فۆرمی تایبەت بۆ ئەم مەبەستەش تۆمارێک تەرخاندەکات.

**سێیەم:** ئامادەکردنی لیستی ناوی خوێندکاران بەسەر پۆل و هۆبەکان وە ئاگاداربوون لەو پۆلەی کە خوێندکار مافیەتی دەوامی لێبکات.

**چوارەم:** سەرپەرشتیکردنی بردنە ژوورەوە و هاتنەدەرەوەی خوێندکاران لە پۆل.

**پێنجەم:** بەشداریکردن لەکاتی دابەشکردنی کتێب و پەڕاوگە لەخوێندنگە.

**شەشەم:** بەشداریکردنی لە لیژنەی ئەزموونەکان و تۆمارکردنی نمرەکان و ڕێکخستنی هۆڵی ئەزموونەکان.

**حەفتەم:** ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردنی گەشتی زانستی بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕابەری پەروەردەیی.

**هەشتەم:** وتنەوەی بەشەوانەکەی خۆی کە دیارکراون بەپێی ئەم ڕێنماییە.

**نۆیەم:** سەرپەرشتیکردن و ڕێکخستنی ئەم تۆمارانەی خوارەوە:

ا- تۆماری نەهاتنی خوێندکاران.

ب- تۆماری بڕوانامەی هاتوو و دەرچوو.

پ- تۆماری تاقیگەکان.

ت - تۆماری تاقیکردنەوەی تاقیگەکان.

ج- تۆماری پەڕتووکخانە.

چ- تۆماری ئاماری پەروەردەیی.

ح- تۆماری کۆبوونەوەی ئەنجومەنی دایبابان و مامۆستایان.

خ- تۆماری چالاکییەکانی خوێندنگە.

هەموو ئەو تۆمارانەی لەسەرەوە ئاماژەپێکراوە لە لایەن بەڕیوەبەر واژۆ و مۆر دەکرێت.

**ماددەی (١٦):**

سەرۆکی بەش پێویستە لایەنی کەم بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی لە پسپۆڕی گونجاودا هەبێت و ئەزمونی لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت لە وانەوتنەوەی تیۆری یان پڕاکتیکی، لەکاتی زۆر پێویستدا دەتوانرێت هەڵگری بڕوانامەی تەکنیکی دابنرێت لە دەرچووانی پەیمانگە تەکنیکییەکان بە مەرجێک ماوەی خزمەتەکەی لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت.

**ماددەی (١٧): سەرۆکی بەش ئەم ئەرکانە ئەنجامدەدات:**

**یەکەم:** بەڕێوەبردنی وەرشەکانی ڕاهێنانی کرداری و ڕێکخستنی کار و ڕاهێنان تیایاندا بە سەرپەرشتی یاریدەدەری تەکنیکی و بەپێی ڕێنماییە کارپێکراوەکان.

**دووەم:** بەدواداچوون بۆ کاری مامۆستایان لە وەرشەکان دەکات و دڵنیابوون لە پابەندبوونیان بەڕێنماییەکان و گرنگیدانیان بە کاروباری خوێندکاران هەروەها ئەو ڕێنماییە پەروەردەیی و هونەرییانەیان پێدەدات کە ڕەنگە پێویستیان پێ بێت.

**سێیەم:** سەرپەرشتی چاککردنەوە و پاراستنی کەلوپەل و پێداویستیەکانی ناو وەرشەکان دەکات.

**چوارەم:** یاریدەدەری هونەری بەردەوام ئاگادار دەکاتەوە لە پێشکەوتنی مەشق و ڕاهێنان لە بەشەکەیدا و ئەو ئاستەنگانەی کە ڕێگرن لە کارکردنی دروستی بەشەکە هەروەها پێشنیاری دەستپێشخەرییەکانی بۆ دەکات کە بۆ باشترکردنی ئەنجامی پەروەردەیی و تەکنیکی و بەرهەمهێنان لە بەشەکەیدا کە بە باشیان دەزانێت.

**پێنجەم:** بەشێوەیەکی کەسی بەدواداچوون بۆ دەستکەوتی هەر خوێندکارێک دەکات لە بەشەکەیدا و لە دروستی ئەو نمرانەی کە لە هەڵسەنگاندنی وەریاندەگرێت دڵنیا دەبێتەوە.

**شەشەم:** کارەکانی بەشەکەی لەنێو مامۆستایان و ڕاهێنەران بەپێی ڕێنماییەکان دابەشدەکات.

**حەفتەم:** بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامی خوێندنی کارپێکراو وڕاهێنانی کردەیی لە بەشەکەیدا دەکات.

**هەشتەم:** دڵنیابوون لە ڕێککار و پەرەپێدانی ڕۆشنبیری و ڕەوشتی پیشە لەنێو خوێندکاراندا و دروستکردنی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان مامۆستایاندا بۆ ئەوەی هاودەنگ و هاوکاریکاری یەکتر بن.

**نۆیەم:** ڕێوشوێنی پێویست بۆ ڕێگریکردن لە ڕووداوەکان دەگرێتەبەر و دڵنیا دەبێت لە ڕێکوپێکی و پاکوخاوێنی وەرشەکانی بەشەکەیدا .

**دەیەم:** دڵنیابوون لە مەرجی سەلامەتی گشتی لە بەش.

**یازدەیەم:** بەهاوکاری یاریدەدەری هونەری سیستەمێک بۆ جێبەجێکردنی مەشقی کردەیی و شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی کارامەیی خوێندکار لە وەرشەکاندا دادەڕێژێت.

**دوازدەیەم:** ساڵانە لیستی ئەو مادانە ئامادە دەکات کە لە بەشەکەیدا بەکارهێنراون.

**سێزدەیەم:** پێداویستی بەشەکەی لەئامێر وکەرەستە و پێداویستیەکانی ئەنجامدانی مەشقی کرداری دیاریدەکات.

**چواردەیەم:** پارێزگاری لە چاککردنەوەی کەلوپەل و ڕێکخستن و پاکوخاوێنی لە بەشەکەی خۆیدا دەکات.

**پازدەیەم:** ڕاپۆرتی دەستبەجێ لەسەر ڕووداوەکانی کار پێشکەشی یاریدەدەری هونەری و بەڕێوەبەری خوێندنگە دەکات.

**ماددەی (١٨): ئەرکەکانی ژمێرکار بریتین لە:**

**یەکەم:** ڕێکخستن و بەدواداچونی سەرجەم کاروبارە داراییەکان بەتایبەتی مووچەی سەرجەم فەرمانبەران و دەستەی کارگێڕی و مامۆستایان.

**دووەم:** هەڵدەستێت بەڕێکخستن و بەدواداچونی سەرجەم کاروباری پرۆژەکانی بەرهەمهێنان وچالاکییەکانی دیکە.

**سێیەم:** ڕاپۆرتی دەستبەجێ لەسەر سەرجەم کاروبارە داراییەکان پێشکەشی یاریدەدەری هونەری و بەڕێوەبەری خوێندنگە دەکات.

**ماددەی (١٩):**

بەرپرسی چاککردنەوە پێویستە لایەنی کەم خاوەنی بڕوانامەی ئامادەیی پیشەیی بێت هەروەها دەتوانرێت داوا لە مامۆستایانی ڕاهێنەر بکرێت کارەکانی چاککردنەوە ئەنجامبدەن لەکاتی پێویست.

**ماددەی (٢٠): بەرپرسی چاککردنەوە ئەم ئەرکانە ئەنجامدەدات:**

**یەکەم:** بە سەرپەرشتی یاریدەدەری کارگێڕی، کاری پاراستن و ئاسانکاری و هەڵگرتنی کەرەستەی گشتی لە خوێندنگەدا لەئەستۆ دەگرێ جگە لە ئامێرە تەکنیکییەکانی پەیوەست بەئەنجامدانی ڕاهێنانی کارپێکراو و کردەیی لە بەشدا بۆیە چاککردنەکە لەژێر سەرپەرشتی یاریدەدەری هونەریەوە دەبێت.

**دووەم:** سەرجەم کەرەستە بیناسازییەکان بەتایبەت دامەزراوەی کارەبایی، تەندروستی، شوشە، دەرگا، پەنجەرە، ئامێری تەندروستی، ئامێری دابەشکردنی ئاو، مۆلیدەی کارەبا وکەلوپەلەکانی دیکە کە لەلایەن یاریدەدەری هونەریەوە دیاریکراوە دەکەوێتە چوارچێوەی کارەکەی چاکدەکاتەوە و دەپارێزێت.

**ماددەی (٢١):**

ئەمینداری کۆگا دەبێت بەلایەنی کەم خاوەنی بڕوانامەی خوێندنی پیشەیی ئامادەیی بێت.

**ماددەی (٢٢): ئەمینداری کۆگا ئەم ئەرکانە ئەنجامدەدات:**

**یەکەم:** بەرپرسە لە کۆگاکە و ئەوەی لە کۆگاکەیە و یاریدەدەری کارگێڕی و یاریدەدەری تەکنیکی بەرپرسن لێی هەریەکەیان بەپێی پسپۆڕییەکەی و سروشتی کەرەستەی هەڵگیراو.

**دووەم**: هەموو ئەو کەرەستە و پێداویستی و کەلوپەلانەی کە پێویستن ڕادەست دەکات بەپشتبەستن بەداواکارییەک کە واژۆی بەڕێوەبەری خوێندنی لەسەرە، سەبارەت بە کەلوپەلەکانی ڕاهێنانی کرداری و بەپشتبەستن بە داواکارییەک کە لەلایەن سەرۆکی بەشی پەیوەندیدارەوە واژۆی لەسەر کراوە دوای ڕەزامەندی یاریدەدەری هونەری وبەشێوەیەک کە پێچەوانەی ڕێنماییەکانی کۆگاکە نەبێت رادەست دەکات.

**سێیەم**: داواکاری گەیاندن و وەرگرتن لە پەڕاوە تایبەتەکاندا هەڵدەگرێت.

**چوارەم**: ساڵانە سەرژمێری کەلوپەلەکانی خوێندنگە بەسەرپەرشتی یاریدەدەری کارگێڕی و یاریدەدەری هونەری بەپێی پەیوەندارێتی ئەنجامدەدات.

**پێنجەم**: هەڵدەستێت بەسەرژمێری ئەو کەلوپەلانەی کە دەکەوێتە ژێر بەرپرسیارێتی خۆیەوە بەپێی ڕێنماییەکانی سەرژمێری.

**شەشەم**: لە سەرەتای ساڵی خوێندن و کۆتایی ساڵی خوێندن یان هەرکاتێک داوای لێبکرێت لەڕێگەی یاریدەدەری کارگێڕییەوە ڕاپۆرتێک پێشکەش بە بەڕێوەبەری خوێندنگە دەکات کە تێیدا باس لە هەموو کەلوپەلەکان، کەرەستە و ئامێرەکانی کۆگا دەکات کە بوونیان هەیە و بەکارهێنراون یان زیانیان پێگەیشتووە.

**حەفتەم**: لە کۆتایی هەر ساڵێکی خوێندندا لە ڕێگەی یاریدەدەری کارگێڕییەوە ڕاپۆرتێک پێشکەش بەبەڕێوەبەر دەکات کە پێداویستی کۆگاکە دەخاتەڕوو و داوا دەکات پێش دەستپێکردنی ساڵی خوێندنی داهاتوو ئەم پێداویستیانە دابینبکرێن.

**هەشتەم**: هەوڵدەدات مەرجەکانی سەلامەتی و ئاسایش لە کۆگاکانی ژێر بەرپرسیارێتی خۆیدا دەستەبەر بکات.

**ماددەی (٢٣):**

**یەکەم**: کاتی دەوامی ئەو کەسانەی کە پۆستی کارگێڕییان لە خوێندنگە پیشەییەکاندا هەیە کاتی فەرمی خوێندن دەبێت و بەشەوانەی هەفتانەی هەریەکێکیان بەم شێوەیە دیاری دەکرێت:

| | |
|---|---|
| **أ-** بەڕێوەبەر | ٤ بەشەوانە |
| **ب-** یاریدەدەری کارگێڕی | ٦ بەشەوانە |
| **پ-** یاریدەدەری هونەری | ٦ بەشەوانە |
| **ت -** یاریدەدەری کاروباری خوێندکاران | ٦ بەشەوانە |
| **ج-** سەرۆک بەش خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس | ٨ بەشەوانە |
| **چ-** سەرۆک بەش کە خاوەنی بڕوانامەی تەکنیکییە | ١٠ بەشەوانە |

**دووەم**: سەبارەت بەفەرمانبەران و کارمەندانی دیکە پابەند دەبن بەدەوام و کاتی خوێندن و پشکی وانەوتنەوەیان بۆ دیاری ناکرێت.

## بەشی چوارەم
## دەستەی مامۆستایان

**ماددەی (٢٤):**

**یەکەم**: دەستەی مامۆستایان بریتییە لە مامۆستایانی ئەکادیمی، مامۆستایانی پیشەیی و ڕاهێنەرانی پیشەیی، بەشەوانەکانییان بەم شێوەیە دیاریدەکرێت:

أ- مامۆستای ئەکادیمی:

١- هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا (١٤) بەشەوانە

٢- هەڵگری بڕوانامەی ماستەر (١٨) بەشەوانە

٣- هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس (٢٢) بەشەوانە

ب- مامۆستای پیشەیی کە بڕوانامەکەی لە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی پیشەیی کەمتر نییە لە پسپۆڕییە تەکنیکییەکان (٢٢) بەشەوانەی بۆ دادەنرێت.

**پ-** مامۆستا و ڕاهێنەری پیشەیی کە بڕوانامەکەی لە دبلۆمی تەکنیکی کەمتر نییە (٢٤) بەشەوانەی بۆ دادەنرێت، لەکاتی زۆر پێویست دەتوانرێ پەنا ببرێتە بەر دەرچووانی ئامادەییە پیشەییەکان کە (٢٦) بەشەوانەی بۆ دادەنرێت.

**دووەم:** ئەگەر ڕێژەی یاسایی ئەندامێکی مامۆستایان لە وانەوتنەوە تەواو نەبوو بەڕێوەبەر دەتوانێت ئەو مامۆستایە ڕابسپێرێت بۆ سەرپەرشتیکردنی کاری خوێندکاران لە وەرشەکانی ڕاهێنانی کرداری یان هەر کارێکی دیکە کە بەڕێوەبەر بە گونجاوی بزانێت، لە چوارچێوەی یاسا وڕێنماییە بەرکارەکان.

**سێیەم:** ڕێژەی یاسایی مامۆستا و وانەبێژ لە هەفتەیەکدا دوو بەشەوانە کەم دەکرێتەوە ئەگەر تەمەنی گەیشتە پەنجا ساڵ.

**ماددەی (٢٥): ئەرکەکانی دەستەی مامۆستایان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

دەستەی مامۆستایان پابەندە بەجێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی لەم ڕێنماییەدا دیاریکراون وجێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی پێیان سپێردراوە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی مامۆستایان و پسپۆڕانی پەروەردەیی وسەرپەرشتیاری پەروەردەیی، هەریەکەیان بەپێی پسپۆڕییەکەی خۆی هەر ئەندامێکی دەستەی مامۆستایان دەبێت ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجامبدات:

**یەکەم:** وانەوتنەوەی ئەو بابەتانەی لە تایبەتمەندی خۆی لە پرۆگرامەکانی خوێندنی فەرمی لە پسپۆڕییەکەی یان نزیک لە پسپۆڕییەکەی بۆی دیاریکراوە.

**دووەم:** داڕشتنی پلانی ساڵانە بۆ ئەو بابەتە یان بابەتانەی پێیان سپێردراوە بۆ وانەوتنەوە بەهاوکاری لەگەڵ یاریدەدەری کارگێڕی و هونەری بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامی خوێندن ودیاریکردنی قۆناغی **وەرزی** و مانگانە و هەفتانە و کارکردن لەسەر جێبەجێکردنی پرۆگرامی دیاریکراو بە تەواوی.

**سێیەم:** ئامادەکردنی وانەکان ڕۆژانە بەپێی بنەماکانی پەروەردەیی لەسەر دەفتەرێکی تایبەت لەبەر ڕۆشنایی خشتەی پلانی ساڵانە.

**چوارەم:** یەکسەر چوونە پۆل لەکاتی لێدانی زەنگ.

**پێنجەم:** نوسینی تەوەری وانەکە و بەشە سەرەکییەکانی لە دەفتەری پۆلدا و ئاماژەدان بەوەی چی جێبەجێکراوە لە پلانەکەو لە وانەکەدا بەمەرجێک چاودێری پۆل کە لە نێو خوێندکاران هەڵبژێردراوە واژۆ لەسەر دەفتەرەکە بکات وەک بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی ئەو بابەتە.

**شەشەم:** ڕێکخستنی دەفتەرێک یان کارتێک بۆ ئامادەکردنی وانەکان و دەفتەرێک بۆ نمرەکان هەروەها ئاگادارکردنەوەی بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکان و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە دەفتەر و کارتەکاندا لەکاتی پێویست.

**حەفتەم:** پێدانی ئامادەکاری و داواکاری و ئەرک و ڕاهێنان بە خوێندکاران بۆ ئەوەی لە دەرەوەی خوێندنگە یان لە ماڵەوە ئەنجامی بدەن.

**هەشتەم:** دانانی ڕێککارەکانی دەوام و ئامادەبوون و تۆمارکردنی لە دەفتەری پۆل و ئاگادارکردنەوەی یاریدەدەری کاروباری خوێندکاران لە ئامادەنەبوونی خوێندکاران.

**نۆیەم:** پاراستنی ڕێکوپێکی هۆڵەکانی خوێندن و وەرشەکانی ڕاهێنانی کرداری لە کاتی هەبوونی پشێوی و کێشە دەتوانێ داوای هاوکاری لە ڕێبەری خوێندنگە بکات لەگەڵ ناردنی ڕاپۆرتەکان بۆ یاریدەدەری کاروباری خوێندکاران لەسەر ڕووداوەکانی پشێوی.

**دەیەم:** هاندانی خوێندکاران بۆ خوێندنەوە و پەسەندکردنی کتێبی دیاریکراو و ئاڕاستەکردنیان بۆ سەرچاوە و ئاماژەکان لە کتێبخانەی خوێندنگە.

**یازدەیەم:** هاندانی خوێندکاران بۆ درێژەدان بە خوێندن و تەواوکردنی.

**دوازدەیەم:** خستنەگەڕی هەموو هەوڵێک بۆ ڕێگرتن لە وازهێنانی خوێندکاران.

**سێزدەیەم:** جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی ڕاهێنانی هاوینە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕێنماییانەی کە دەرچوون سەبارەت بە جێبەجێکردنی پلانی پەروەردەیی فێرکردن.

**چواردەیەم:** بەشداری خوێندکاران لەو چالاکیە زانستییانەی کە لە لایەن خوێندنگەوە ئەنجامدەدرێن کە دەچنە بازنەی ئەو وانانەی دەخوێندرێن.

**پازدەیەم:** بەشداریکردن لە کاری چاودێری تاقیکردنەوەکان بەپێی ئەو پرۆگرامەی کە لەلایەن کارگێڕیەوە دانراوە.

**شازدەیەم:** دانانی پرسیاری تاقیکردنەوەکان لە کاتی دیاریکراو و ڕادەستکردنی بە بەڕێوەبەر پاشان پشکنین و نمرەدان بە وردی.

**حەڤدەیەم:** سەرپەرشتیکردنی ئەو تاقیکردنەوانە و هەڵسەنگاندنانە کە لەماوەی ساڵی خوێندندا لە پۆلەکاندا دەکرێن و پشکنینی دەفتەرەکانی تاقیکردنەوەکان و گەیاندنیان لەکاتی خۆیدا.

**هەژدەم:** ئامادەبوون لەو کۆبوونەوانەی کە لەلایەن کارگێڕیەوە بانگدەکرێن کە بەزۆری لە دەرەوەی کاتی وانەوتنەوە ئەنجامدەدرێن.

**نوزدەیەم:** هاوکاری **کردنی** کارگێری لە کاری جۆراوجۆری خوێندنگەدا.

**بیستەم:** بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی مامۆستایان و ئەنجومەنی دایبابان و مامۆستایان.

**بیست و یەکەم:** بەشداریکردن لە چالاکییەکانی ڕاهێنانی هاوینە، ڕاهێنانی ئاراستەکراو، بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان لە داهات و سامانی خوێندنگە.

**بیست و دووەم:** بەدواداچوونی خولەکانی ڕاهێنان کە پێی دەسپێردرێت.

**بیست و سێیەم:** پابەندبوون بە سیستەمی کارمەندان و سەرجەم ڕێساکانی دیکە کە کاروبارەکانیان بەڕێوەدەبەن.

**ماددەی (٢٦):**

مامۆستایانی ئەکادیمی و پیشەیی و مامۆستایان و ڕاهێنەرانی پیشەیی هەر سێ ساڵ جارێک خولی ڕاهێنان ئەنجامدەدەن بە مەبەستی نوێکردنەوەی ئەزموون و شێوازی وانەوتنەوەیان و ڕاهێنانیان لەسەر پێشکەوتنە پەروەردەییەکان و هاوسەنگ بوون لەگەڵ گەشەسەندنی زانستی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا.

**ماددەی (٢٧):**
لە ئەگەری کەمی ئەندامانی دەستەی مامۆستایان دەتوانرێت وانەبێژ لە دەرەوە دابمەزرێت بەپێی ڕێنماییەکانی بەرکار بەمەرجێک خاوەنی بڕوانامەی پەروەردەیی پێویست بێت لەپسپۆڕی پێویست یان لە پسپۆڕییەکی نزیک لێیەوەو بە مەرجێک هەریەکەیان بەتوانا بن بۆ فێرکردنی ئەو بابەتە یان بابەتانەی کە پێی دەسپێردرێت.

**ماددەی (٢٨):**
**یەکەم:** مامۆستا ڕۆڵێکی بنچینەیی و زانستی و پەروەردەیی هەیە هەروەها پایەی یەکەمی خوێندنگەیە بۆ پەروەردەکردنی گەنجان وڕاهێنانی خوێندکاران بۆیە دەبێت ڕەوشتی بەرز بێت و ڕەفتاری باش لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی یەکتر بونیاد بنێت لەگەڵ خوێندکارەکانی، هاوکاران و مامۆستاکان و دایبابانی خوێندکاران لەناو خوێندنگە و لە دەرەوەی خوێندنگە. مامۆستا یان وانەبێژ ئەگەر بە ئەنقەست یان کەمتەرخەمی لە ئەرکە پیشەییەکانی یان ئەوانەی کە یاسا و ڕێسای کارپێکراو بەسەریدا سەپێنراون بەتایبەت ئەگەر یەکێک لەم قەدەغەکردنانەی خوارەوە ئەنجامبدات بە یەکێک لەو سزا کارگێڕییانەی خوارەوە سزا دەدرێت:
أ- ئەنجامدانی کارێک کە زیانی بۆ کەسانی دیکە هەبێت لەکاتی جێبەجێکردنی کارەکەیدا.
ب- وازهێنان لە پۆل یان دوورکەوتنەوە لە وانەوتنەوە بۆ هەر کارێکی دیکە.
پ- قبوڵکردنی خوێندکاری دواکەوتوو یان گەڕاوە دوای ئامادەنەبوون بەبێ مۆڵەتی بەڕێوەبەر یان یاریدەدەر.
ت - سزادانی جەستەیی یان سەرزەنشتکردنی بە وشەو سووکایەتیکردن بە کەرامەتی خوێندکار.
ج- جگەرەکێشان لە ناو پۆل یان وەرشە.
چ- بەکارهێنانی مۆبایل لەناو پۆل یان لە وەرشەکان.
ح- هێنانی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە بۆ ناو پۆلەکان جگە لە کتێبی خوێندن و بڵاوکراوە زانستی و ڕۆشنبیرییەکان کە پەیوەندییەکی نزیکیان بە سروشتی کاری خوێندنگەکەیەوە هەیە.
خ- ئەنجامدانی ئاهەنگی گشتی لە خوێندنگە بەبێ مۆڵەتی پێشوەختەی بەڕێوەبەری خوێندنگە.
د- ڕاسپاردنی خوێندکار بۆ ئەنجامدانی کارێک کە پەیوەندی بە فێرکردنەوە نەبێت یان پێشکەشکردنی هەندێک خزمەتگوزاری تایبەت بۆی لە ناو بیناکان یان لە دەرەوەی خوێندنگە .
ر- بەکارهێنانی بینای خوێندنگە و پێکهاتەکانی بۆ مەبەستی دیکە جگە لە کاری خوێندن تەنها لەو حاڵەتانە نەبێت کە لە یاسا و ڕێسای کارپێکراودا هاتووە.
ز- جێهێشتنی خاکی عێراق پێش وەرگرتنی مۆڵەتی نووسراو لەبەڕێوەبەری گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی .
ژ- ڕێکخستنی گەشت بۆ خوێندکاران بەبێ ئاگاداری کارگێڕی.
**دووەم:** هەر مامۆستایەك یەکێك لەو قەدەغەکراوانە ئەنجامبدات بەپێی یاسا بەرکارەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

**ماددەی (٢٩):**
لە هەر خوێندنگەیەکی پیشەیی ئەنجومەنی مامۆستایان پێکدێت لە بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و سەرجەم ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە ونوێنەری تەکنیکاران ونوێنەری خوێندکاران لە کاتی پێویستیدا و بەسەرۆکایەتی بەڕێوەبەر کۆدەبێتەوە.

**ماددەی (٣٠):**

**یەکەم:** ئەنجومەنی مامۆستایان لەسەر بانگهێشتی سەرۆکەکەی لە سەرەتای ساڵی خوێندن کۆدەبێتەوە و کۆبوونەوەکانی مانگانەن هەر کاتێک پێویست بوو لەسەر بانگهێشتی سەرۆک یان زیاتر لە یەک لەسەر سێی ئەندامان دەتوانرێت کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجامبدرێت.

**دووەم:** کۆبوونەوەکان بەشێوەیەک ئەنجامدەدرێن کە کاریگەری لەسەر بەڕێوەچوونی وانەکان نەبێت.

**سێیەم:** ئەنجومەن تاوتوێی سەرجەم کاروبارە پەروەردەییەکان دەکات بە وانەوتنەوە تیۆری وڕاهێنانی کرداری و هەموو شتێک کە پەیوەندی بە خوێندنەوە هەبێت.

**چوارەم:** پلانەکان دادەنێت بە ئامانجی پەرەپێدانی خوێندنگەکە و باشترکردنی ئاستی پەروەردەیی تێیدا ودڵنیابوون لە کوالیتی و بەدواداچوون بۆ ئەم پلانانە.

**پێنجەم:** باس لە هەموو ئەو بابەتانە دەکات کە کارگێڕی خوێندنگە بە پێویستی دەزانێت ولەوانەیە لە کاتی پێویستدا داوای هاوکاری لەو لیژنانە بکات کە لە نێوان ئەندامانی دەستەی مامۆستایان پێکهێنراون.

**شەشەم:** کۆنووسی تایبەت بە بڕیارەکانی ئەنجومەن کە پەسەندکراون ئامادە دەکات کە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکراون و لەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکان سەرۆک بارودۆخەکە یەکلایی دەکاتەوە.

**حەوتەم:** یاریدەدەری کارگێڕی کۆنوسەکانی ئەنجومەنی مامۆستایان دەنوسێتەوە و دەیانپارێزێت.

**هەشتەم:** پلانی هەماهەنگی لەگەڵ بازاڕی کار دادەنێت و بەدواداچوونیان بۆ دەکات.

**نۆیەم:** هەڵدەستێت بە پێداچونەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی وەرزی یەکەم لەرێگەی کۆبوونەوەیەک لەسەر ئەم بابەتە لە ئەنجامدا هەڵدەستێت بەڕاستکردنەوەی بارودۆخی خوێندن کە لە ئەنجامی پابەندنەبوون بە جێبەجێکردنی پلانی داڕێژراو لە سەرەتای ساڵ بۆ تەواوکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن یان بەکارهێنانی رێگەی فێرکردن و پەروەردەی هەڵەوە ڕوویداوە

**دەیەم:** ئەنجومەن لە کۆتایی ساڵی خوێندن کۆبونەوەیەک ئەنجامدەدات بۆ پەسەندکردنی ئەنجامی کۆتایی و هەڵسەنگاندنی کارە پەروەردەییەکان لە ماوەی ئەو ساڵەدا.

**یازدەم:** ئەنجومەن دەتوانێت گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە پەروەردەییانە بکات کە لە بەرنامەی کاردا نەخراونەتە ڕوو بە مەرجێک ڕەزامەندی زۆرینەی ئامادەبوان وەربگیرێت.

**دوانزەیەم:** نوێنەرێک یان چەند نوێنەرێکی خوێندکاران بەشداری ئەنجومەن دەکەن لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر بابەتە پەیوەندیدارەکانیان.

## بەشی پێنجەم
## ڕێکخستنی چالاکیی پەروەردەیی وکۆمەلایەتی

**ماددەی (٣١):**

دەستەی مامۆستایان لە خوێندنگەدا ئەرکی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی خوێندنیان دەکەوێتە ئەستۆ کە بۆ خوێندنی پیشەیی بەشێوەیەکی گشتی پێیان سپێردراوە بۆ وانەوتنەوەی هەر وانەیەک بەپێی پسپۆڕی و ئەرکەکانی بەڕەچاوکردنی ئەمانەی خوارەوە:

**یەکەم:** تەواوکاری ئاسۆیی و ستوونی پرۆگرامەکانی خوێندن بەپێی قۆناغ.

**دووەم:** تایبەتمەندی خوێندکاران لە ڕووی تەمەن و ژیریەوە و کارکردن لەسەر گەشەپێدانیان بەگوێرەی ئامانجە گشتی و تایبەتەکانی خوێندنی پیشەیی.

**سێیەم:** تواناداركردنی خوێندكار بۆ تێگەیشتن لە ڕاستی و زانیاری تەكنیكی و پیشەیی و بەكارهێنانیان لە ژیانی كردەییدا بە بەكارهێنانی ئامرازە زانستییە هاوچەرخەكان.

**چوارەم:** لەبەرچاوگرتنی كار وەک پایەی گەشەپێدان و پەروەردە بەتایبەتی كاری دەستی و تواناداركردنی خوێندكاران بۆ كارەكیكردنی لە ناوەوە و دەرەوەی خوێندنگە وەک ئامرازێكی كاریگەر بۆ ڕاهێنان.

**پێنجەم:** بایەخدان بە كەرەستەی خوێندن و بەدواداچوون بۆ پەرەپێدانیان بەپێی گۆڕانكاری لە بوارە جیاجیاكانی زانستە تەكنیكیەكاندا.

**شەشەم:** بەدواداچوون بۆ پێشكەوتنە زانستییەكان لە بوارە جیاجیاكانی زانین و پیادەكردنیان لە ژیانی كرداریدا.

**حەفتەم:** پەرەپێدانی گیانی هاوكاری و بەشداری خوێندكاران لە چالاكییەكان بۆ خزمەتكردنی كۆمەڵگە و پەرەپێدانی تواناكانیان.

**هەشتەم:** تێگەیشتن لە بنەما كۆمەڵایەتییەكان و پیادەكردنییان لە پرۆگرامەكانی خوێندن.

**نۆیەم:** پەرەپێدان و بونیادنانی گیانی نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی.

**دەیەم:** كاركردن بۆ كەمكردنەوەی جیاوازی نێوان خوێندكاران و هەوڵدان بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ئاستەنگانەی كە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

**ماددەی (٣٢):**

دەستەی مامۆستایان كاردەكات بۆ بەدیهێنانی ڕێكخستن لە نێوان ئەو پرۆگرامانەی كە بۆ خوێندنی پیشەیی دیاریكراون و پەرەپێدانیان بە ڕەچاوكردنی تایبەتمەندی و پێداویستییەكانی خوێندكاران بەپێی ئەمانەی خوارەوە:

**یەكەم:** پەرەپێدانی شێوازی وانەوتنەوە بەگوێرەی سروشتی پرۆگرامەكانی خوێندنی پیشەیی لەڕووی وەرگرتنی لایەنی كرداری.

**دووەم:** بەدواداچوون بۆ پێشكەوتنی بوارە جیاجیاكانی زانست و ئەزموونە جیهانییەكان بۆ باشتركردنی ڕاپەڕاندنی كار.

**سێیەم:** دیاریكردنی پێداویستیەكانی ڕاهێنان لە ئامێر و كەرەستەكان بەپێی پێویستی لق و پسپۆڕییە پیشەییەكان.

**چوارەم:** بەشداریكردن لە ئامادەكردنی كتێبی خوێندن بەگوێرەی پرۆگرامە دیاریكراوەكانی خوێندن.

**پێنجەم:** ڕێكخستنی ئەركی ماڵەوە بۆ خوێندكاران بۆ زیادكردنی ئارەزووی چالاكی خودی وە هاندانیان بۆ ئەو كارە بە مەبەستی داهێنان.

**شەشەم:** ڕێكخستنی كتێبخانەی خوێندنگە بەجۆرێک تایبەتمەندی هاوتای لق و پسپۆڕی پیشەیی هەبێت.

**ماددەی (٣٣): دەستەی مامۆستایان لە خوێندنی پیشەییەكان پابەندن بەمانەی خوارەوە:**

**یەكەم:** پەرەپێدانی وەرزشی و چاودێری ئەنجامی گەشەی جەستەیی و تەندروستی لەڕێگەی جێبەجێكردنی بەشە وانەكانی پەروەردەی وەرزشی دیاریكراو.

**دووەم:** جێبەجێكردنی چالاكییەكانی دەرەوەی پۆل بۆ خوێندكاران لەڕێگەی بەكرداریكردنی چالاكییە زانستی و چالاكییە هونەرییەكان و گەشتی خوێندنگە و سەردان و پێشانگاكان كە ڕەنگدانەوەی سروشتی پیشەیی خوێندكاران و لقەكانی خوێندنی پیشەییەكانن.

**ماددەی (٣٤):لە سەرەتای هەر ساڵێکدا بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکانی لیژنە هەمیشەییەکان پێکدەهێنن کە بەم شێوەیەن:**

**یەکەم**: لێژنەکانی چالاکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی:

أ- لێژنەی ڕێککاری

ب- لێژنەی پەرەپێدانی پەروەردەیی.

پ- لێژنەی کاروباری ڕۆشنبیری و کلتوری.

ت - لێژنەی چاکردنەوە.

ج- لێژنەی هۆشیاری و زانیاری.

چ- لێژنەی کڕین.

ح- لێژنەی تاقیکردنەوەکانی خوێندنگە.

خ- لێژنەی چالاکی تەکنیکی .

د- لێژنەی چالاکی وەرزشی.

ر- لێژنەی پڕۆژەکانی ڕاهێنانەکانی وەبەرهێنان.

ز- لێژنەی کاری بە کۆمەڵ.

ژ- لێژنەی تەندروستی و ژینگە.

س- لێژنەی کۆمەڵایەتی.

**دووەم**: لیژنە زانستییەکان پێکدەهێنرێن بەپێی لق وپسپۆڕی پیشەیی و لە بابەتەکانی دیکەی ئەکادیمی گشتی.

**سێیەم**: ئەم لیژنانە بەگوێرەی ئەو ڕێنمایانەی وەزارەت دەردەچن کە میکانیزمی کارکردن لەخۆوە دەگرێت.

**ماددەی (٣٥):**

**یەکەم**: دەستەی مامۆستایان پەرۆشی پتەوکردنی پەیوەندیکردنە لەگەڵ دایبابانی خوێندکاران بۆ ئەم مەبەستەش ئەنجومەنی دایبابان و مامۆستایان بەپێی بڕگەکانی ڕێنمایی ئەنجوومەنی دایبابان و بەشێوەیەکی گشتی یان تاک بانگهێشت دەکرێن بۆ خوێندنگە .

**دووەم**: لە دیدار و کۆبونەوەکاندا زانیاری لەسەر خوێندکاران ئاڵوگۆڕ دەکرێت و تایبەتمەندی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری و کلتوری و دەرونی و پەروەردەییان دەستنیشاندەکرێت لەگەڵ ئەو کێشانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە بەشێوەیەک کە چارەسەری کێشەکانیان بکات و بتوانێت لە ڕووی ئەکادیمیەوە گەشەیان پێبدات و سودمەند بن لەم زانیاریانە.

**ماددەی (٣٦):**

پێش دەستپێکردنی ساڵی خوێندن خوێندنگە کاردەکات بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندنی کارپێکراو وڕاهێنانی کرداری و چالاکییەکانی دیکە کە لەم شوێنانەی خوارەوە ئەنجامدەدرێن:

**یەکەم:** وەرشەکانی ڕاهێنانی کرداری.

**دووەم:** تاقیگەکان.

**سێیەم:** کێڵگە کشتوکاڵییەکان.

**چوارەم:** پۆلەکان.

**پێنجەم:** گۆڕەپانی چالاکی وەرزشی.

**شەشەم:** هۆڵی چالاکی تەکنیکی.

## بەشی شەشەم
## کاتەکانی دەوام وپشوو ومۆڵەت

**ماددەی (٣٧):**

**یەکەم**: ماوەی ساڵی خوێندن بۆ خوێندنگەکانی ئامادەیی پیشەیی لە ١٧٠ رۆژ کەمتر نیە، جگە لە پشووەکان

**دووەم**: ساڵی خوێندن بۆ ئەندامانی دەستەی مامۆستایان لە یەکەم ڕۆژی مانگی ئەیلولی هەموو ساڵێک دەستپێدەکات.

**سێیەم**: خوێندن لە خوێندنگە پیشەییەکان لەم کاتانەدا ڕادەگیرێت:

أ- سەرجەم پشووە فەرمییەکان.

ب- پشووی وەرزی دوای تاقیکردنەوەی وەرزی یەکەم و درێژکردنەوەی بەپێی ڕێنماییەکان.

پ- پشووی هاوینە بۆ خوێندکاران دوای تاقیکردنەوەکانی کۆتایی جگە لەو خوێندکارانەی کە پابەندن بەڕاهێنانی هاوینە دەستپێدەکات، سەبارەت بە دەستەی مامۆستایان پشووی هاوینە لە سەرەتای مانگی تەممووزەوە دەست پێدەکات و تا کۆتایی مانگی ئاب درێژ دەبێتەوە.

**چوارەم**: دەوامی کارگێڕی خوێندنی پیشەیی وکارمەندەکانی لە پشووی هاوینەدا بەبڕیاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی ئامادەیی وپیشەیی ڕێکدەخرێت.

**ماددەی (٣٨):**

دەوامی خوێندن لە کاتژمێر هەشتی بەیانی دەست پێدەکات تا کۆتایی دەوامی فەرمی و هەموو ئەندامانی دەستەی کارگێڕی دەگرێتەوە، سەبارەت بە مامۆستایان دەبێت هەر مامۆستایەک پابەند بێت بە دەوامی یاسایی خۆیەوە، دەکرێت دەوام دوابخرێت و کاتژمێرەکانی دەوام دەستکاری بکرێت لە بارودۆخە تایبەتەکاندا دوای ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی.

### ئامادەنەبوون

**ماددەی (٣٩):**

لە کاتی نەهاتنی فەرمانبەرێکی کارگێڕی یان مامۆستا بەهەر هۆکارێکی یاسایی ئەم ڕێکارانەی خوارەوەی بەرامبەر دەگیرێتەبەر بەپێی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٤) لە یاسای ڕێکاری فەرمانبەرانی دەوڵەت وکەرتی گشتی ژمارە (٤ ) ساڵی (١٩٩١):

**یەکەم:** فەرمانبەر بە زووترین کات دەستەی کارگێڕی لە هۆکاری ئامادەنەبوونی خۆی ئاگادار دەکاتەوە وە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە یان هەر ڕێگەیەکی دیکەوە ئەم ئاگادارکردنەوەیە هەر کە گەیشتە تۆماری دەوام تۆمار دەکرێت و بەڕێوەبەری ڕاستەوخۆی خۆی لێ ئاگادار دەکاتەوە کە ڕێوشوێنی خۆپارێزی پێویست بگرێتەبەر بۆ دڵنیابوون لە دەستەبەرکردنی کارکردن لە ماوەی ئامادەنەبوونیدا.

**دووەم:** پێویستە کارمەندی نەهاتوو لە (٤٨) کاتژمێردا بەڵگەنامەی تەواو پێشکەش بکات کە ڕەوایەتی بە ئامادەنەبوونی بدات.

**سێیەم:** ئەگەر ئامادەنەبوونەکە بەهۆی هۆکاری تەندروستی بوو ئەوا فەرمانبەری ئامادەنەبوو ڕاپۆرتی پزیشکی پێشکەش دەکات. ڕاپۆرتی پزیشکی بە سێ وێنە ڕێکدەخرێت وێنەی ڕەسەن دەنێردرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە لە پارێزگا، وێنەیەکی دیکە دەنێردرێت بۆ سەرپەرشتیاری خوێندنگەکە هاوکات وێنەی سێیەم لە پەڕاوی تایبەتی فەرمانبەردا هەڵدەگیرێت وە دەبێ بکرێت بە مۆڵەتی نەخۆشی بەپێی حوکمەکانی یاسا.

**چوارەم:** فەرمانبەرێک کە بە هۆکاری تەندروستی لە دەوامەکەی ڕابگیرێت دەبێت لە هەموو چالاکییەکان وکارەکانی دیکە داببڕێت.

**ماددەی (٤٠):**

**یەکەم:** فەرمانبەرێک کە لە شوێنی کارەکەی بێ مۆڵەتی یاسایی ئامادە نەبێت بەپێی یاسا بەرکارەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

**دووەم:** هەر ئامادەنەبوونێکی بەشێک لە دەوامی فەرمی بە نەهاتنی ڕۆژێکی تەواو هەژمار دەکرێت.

**ماددەی (٤١):**

ئەندامانی دەستەی مامۆستایان و فەرمانبەرانی دیکەی خوێندنگە بۆیان نییە کارەکەیان بەجێبهێڵن بەبێ گوێدانە هۆکار و بارودۆخەکە تەنانەت بۆ ماوەیەکی کورتیش تەنها بەمۆڵەتی نووسراوی بەرپرسی ڕاستەوخۆ و دوای ڕەزامەندی بەڕێوەبەری خوێندنگە نەبێت بەپێی یاسا.

**ماددەی (٤٢):**

**یەکەم:** دەکرێت فەرمانبەر بەهۆکاری تایبەت ولەسەر داوای خۆی مۆڵەتی بێ موچەی پێبدرێت بەپێی یاساکانی کارپێکراو دوای ڕەزامەندی بەڕێوەبەری خوێندنگە.

**دووەم:** ئەو فەرمانبەرەی داوای مۆڵەتی بێ مووچە دەکات پێویستە لە ڕێگەی داواکارییەکی نووسراوە وە بەپێی پلەبەندی کارگێڕییەوە پێشکەش بە بەڕێوەبەر بکات و ماوەی مۆڵەتی پێویست و هۆکارەکانی بخاتەڕو و پەڕاوە پێویستەکان هاوپێچ بکات.

**سێیەم:** فەرمانبەرێک کە داوای مۆڵەت دەکات بۆی نییە پێش دەرکردنی بڕیاری مۆڵەت کارەکەی بەجێبهێڵێت.

**چوارەم:** بەڕێوەبەر دوای دەربڕینی ڕەزامەندی نووسراوی خۆی لەسەری داواکارییەکە ئاراستەی سەرووی خۆیدەکات و وێنەیەکی داواکاری و بەڵگەنامەکان لە پەڕاوەکەی فەرمانبەردا دەهێڵدرێتەوە.

**پێنجەم:** دوای تەواوبوونی مۆڵەت پێویستە فەرمانبەر ڕاستەوخۆ دەستبەکاربێتەوە، وەناکرێت ماوەی مۆڵەتەکەی درێژ بکرێتەوە تەنها دوای دەستبەکاربوونەوە نەبێت.

**ماددەی (٤٣):**

فەرمانبەری ئافرەتی دووگیان بەپێی یاسا و ڕێسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان مۆڵەتی منداڵبوونی پێدەدرێت بە مەرجێک داواکارییەکی تایبەت پێشکەشبکات کە بریتی بێت لە:

**یەکەم:** ڕێکەوتی دەستپێکردن و کۆتایی مۆڵەت.

**دووەم:** نزیکی ڕێکەوتی منداڵبوون بەپێی ڕاپۆرتی پزیشک.

**ماددەی (٤٤):**

**یەکەم:** سەرجەم مۆڵەتەکانی کارگێڕی بەهەموو جۆرەکانی ومۆڵەتەکانی منداڵبوون ومۆڵەتەکانی نەخۆشی دەدرێتە فەرمانبەر بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی لە پلەبەندی کارگێڕی وماوەی مۆڵەتەکە دیاریکراوە.

**دووەم:** مۆڵەتەکانی نەخۆشی کە مانگێک زیاتر بێت و مۆڵەتەکانی بێ مووچە بەبڕیاری وەزیر یا ئەو لایەنەی کە دەسەڵاتی پێدەدات دەدرێت بەپشتبەستن بە پێشنیاری بەڕێوەبەری گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی.

## بەشی حەفتەم
## وەرگرتنی خوێندکاران وئەرکەکانیان

**ماددەی (٤٥):**

ئەوانەی قۆناغی بنەڕەتی قوتابخانە یان هاوتاکەی تەواو کردووە لە خوێندنی پیشەیی وەردەگیرێن و لە کاتی ناو تۆمارکردندا پێویستە ئەمانەی خوارەوە پێشکەش بکەن:

**یەکەم:** بەڵگەنامەی دەرچوون لە تاقیکردنەوە گشتیە نیشتیمانیەکان بۆ قۆناغی بنەڕەتی یان هاوتاکەی لەگەڵ بڕوانامەی پشتڕاستکراو لە وەزارەت.

**دووەم:** کارتی باری شارستانی (کارتی نیشتیمانی) یان هەر بەڵگەنامەیەک کە جێگەی بگرێتەوە.

**سێیەم:** فۆرمێک کە وێنەی خۆی و ناوی تەواو و ڕێکەوت و شوێنی لەدایکبوون و ناو و ناونیشانی بەخێوکەرەکەی و ناونیشانی هەمیشەیی و کاتی و هەر زانیارییەکی دیکەی لەسەر بێت بەپێی ئەو ڕێنماییانەی لە وەزارەتی پەروەردە دەرچووە.

**چوارەم:** بڕوانامەیەک کە لە لایەن لایەنێکی پزیشکی فەرمی ڕێگەپێدراوەوە دەرچووە کە سەلامەتی خۆی لە نەخۆشییە درمییەکان دەسەلمێنێت لەگەڵ بڕوانامەی پێویست بۆ کوتان بەمەرجێک بڕوانامەی تەندروستی بیسەلمێنێت خوێندکار توانای جەستەیی هەیە بۆ ئەوەی پیشەیەک بەپێی پسپۆڕییەکەی ئەنجامبدات.

**ماددەی (٤٦):**

**یەکەم:** هەر کەسێک تەمەنی لە بیست ساڵ زیاتر بێت لە کاتی پێشکەشکردنی بۆ خوێندنگە پیشەییەکان وەرناگیرێت.

**دووەم:** خوێندکارێک کە بەردەوام بێت لە خوێندن بە ئاسایی ناوی خۆی تۆماردەکات لە خوێندنگەیەکی پیشەیی، هەرکەسێک دواکەوت لە دەستپێکردنی ساڵی خوێندن بۆ ماوەی زیاتر لە (٣٠) سی ڕۆژ بە واتای جێهێشتنی خوێندنگە دادەنرێت. ئەگەر خوێندکارەکە بە بیانویەکی ڕەوا دواکەوتبێت کارگێڕی خوێندنگە دەتوانێت سەرەڕای دواکەوتنی وەریبگرێت.

**ماددەی (٤٧):**

نابێت خوێندکار لە دوای نیوەی یەکەمی ساڵی خوێندن لە لقێک یان پسپۆڕییەکەوە بگوازرێتەوە بۆ لقێک یان پسپۆڕییەکی دیکە هەروەها نابێت خوێندکارێکی دەرچوو لە ساڵی دووەمدا پسپۆڕییەکەی بگۆڕێت. سەبارەت بەو کەسەی لە ساڵی یەکەمدا کەوتووە دەتوانێ لە کاتی دووبارەکردنەوەی ساڵەکەدا پسپۆڕییەکەی بگۆڕێت.

**ماددەی (٤٨):**

ئەو خوێندکارانەی کە بۆ ماوەی دوو ساڵ لەسەریەک لە خوێندنگە پیشەییەکانی بەیانیان سەرکەوتوو نەبوون یان تەمەنیان لە سەرووی یاساییەوەیە تەنها دەتوانێت لە خوێندنگە پیشەییەکانی ئێواران بەردەوام بێت لە خوێندن.

**ماددەی (٤٩):**

داواکاری ناو تۆمارکردن لە خوێندنگە پیشەییەکان بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە ساڵانە دیاری دەکرێت.

**ماددەی (٥٠):**

**یەکەم:** خوێندکار وبەخێوکەرەکەی لە کاتی تۆمارکردنی خوێندکار بۆ یەکەمجار لە خوێندنگە فۆڕمێک واژۆ دەکەن کە بریتییە لە ئاگادارکردنەوەیان لە ئەرک و مافەکانی خوێندکار و ڕێسا ڕەفتاریەکان.

**دووەم:** بەخێوکەری خوێندکار دەبێت جار جار دیدەنی کارگێڕی خوێندنگە بکات بۆ ئەوەی ڕێکوپێکی ئامادەبوونی خوێندکارەکە وکۆی ئامادەنەبوونی خوێندکار و نمرەکانی و بۆچوونی کارگێڕی و مامۆستایان لەبارەیەوە بزانێت.

**ماددەی (٥١):**

دەتوانرێت ڕێگە بە خوێندکار بدرێت لە خویندنگەیەکی پیشەیی بۆ خوێندنگەیەکی دیکەی پیشەیی هەمان پسپۆریەکەی بگوازرێتەوە بە پشتبەستن بە داواکارییەک کە هۆکاری گواستنەوەکەی تیدا ئاماژە پێکرابێت وەک گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونی بەخێوکەرەکەی یان هەر هۆکارێکی دیکەی دروست. گواستنەوەکە بە ڕەزامەندی هەردوو بەڕێوەبەری خوێندنی خوێندکار وبەڕێوەبەری ئەو خوێندنگەیەی کە دەیەوێت بۆی بگوازرێتەوە ئەنجامدەدرێت. گواستنەوەکە بۆ هەمان ساڵی خوێندن ولە هەمان پسپۆڕیدا دەبێت وگواستنەوەکەش لەم کاتانەی خوارەوە ئەنجام دەدرێت:

**أ-** لە وەرزی یەکەمی خوێندن تاکو یەک مانگ پێش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکانی وەرزی یەکەم.

**ب-** لە وەرزی دووەمی خوێندن تاکو یەک مانگ پێش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکانی وەرزی دووەم.

**ماددەی (٥٢):**

خوێندکاری پیشەیی دەبێت ڕەوشتێکی باش نیشان بدات وپابەندبێت بەو ڕێساو ڕەفتارانەی کە لە خوێندنگەکەیدا پەسەندکراون بەدەستپاکی لە کردارەکانیدا کار بکات بۆ چەسپاندنی یەکێتی نەتەوەیی وبڵاوکردنەوەی گیانی برایەتی لەگەڵ هاوکارەکانی ودەبێت پەیوەندییە مرۆییەکانی چالاک بکات، خوێندکار بە بەرپرسیار دادەنرێت و سزا دەدرێت ئەگەر پێشێلی بنەما گشتیەکان یان یاساکانی کارپێکراو بکات هەروەها دەبێت پابەند بێت بەو ئەرکانەی کە لەم ڕێنماییەدا دیاریکراون ولە خوارەوە هاتوون ودەبێ پابەند بێت بە:

**یەکەم:** پابەندبوون بەو ڕێسا و یاسا و بڕیارانەی لە لایەن کارگێڕی خوێندنگەوە دەردەچن.

**دووەم:** ڕاگرتنی ڕێکوپێکی و ڕێسا گشتیەکانی ڕەفتار و ڕەوشت و تەندروستی لەناو خوێندنگەدا.

**سێیەم:** پابەندبوون بە فەرمان و تێبینییەکانی کارگێڕی و ئەندامانی دەستەی مامۆستایان.

**چوارەم:** گرنگیدان بە پاکوخاوێنی گشتی لە سەرجەم بەشەکانی خوێندنگە بە گۆڕەپانی یاری و باخچەکانیشەوە هەروەها پاراستنی کەلوپەلی خوێندنگە.

**پێنجەم:** زیانی ماددی نەگەیەنێتە باڵەخانەی خوێندنگە و پێکهاتەکانی لە ئەگەری ڕوودانی ئەمە دەبێ سزای پێبژاردنی بەسەردا بسەپێندرێت.

**شەشەم:** گرنگیدان بە کەلوپەلی نووسین و کەرەستەی خوێندنگە و جلوبەرگی پیشەیی و پێداویستی کەسی کە لە خوێندنگە وەریگرتووە.

**حەفتەم:** گرنگیدان بە پاک وخاوێنی جەستە جلوبەرگی ناوەوە و دەرەوە جێبەجێکردنی ئەو ڕێنماییە تایبەتانەی کە لە لایەن کارگێڕیەوە لەو بارەیەوە دراون.

**هەشتەم:** ڕێزگرتن لە بەرپرسان و مامۆستایان و هاوکاران و پابەندبوون بە ڕێساکانی ڕەوشت و ئەتەکێت.

**نۆیەم:** ڕێزگرتن لەو میوانانەی سەردانی خوێندنگە دەکەن.

**دەیەم:** بەرزکـردنەوەی پـێگەی خوێنـدنگە و دوورکەوتـنەوە لەو کـارانەی کە زیـان بە ناوبانـگ و ئەرکـی پەروەردەیی و پیشەیی دەگەیەنن.

**یازدەیەم:** خۆڕاگر بێت و دواکەوتن لە کارەکانیدا نەبێـت چالاکانە و دڵسۆزانە ئەرکەکانی جێبەجێبکات.

**دوازدەیەم:** ڕێزگرتن لە هەمـوو ئـایین و نەژادەکـان و دامودەزگا نەتەوەیـی و فەرمییەکـان وبەدەستهێنانی هاوکاری نێوانیان و چاندنی گیانی دۆستایەتی و قبوڵکردنی کەسانی دیکە.

**سێزدەیەم:** هاوکـاری مامۆسـتایان و خوێنـدکاران بکـات بـۆ بەجێگەیانـدنی ئەرک و چـالاکییە ڕۆشـنبیری و وەرزشی و پەروەردەییەکان بەتایبەتی وەبەرهێنان.

**چواردەیەم:** پاراستنی یاسا و ڕێکوپێکی نواندن لەسەر بنەمای کلتوری کەسی و هەستکردن بە خود.

**پازدەیەم:** پابەندبوون بە پاراستنی کەلوپەل وئامێرەکانی خوێندنگە بەهۆی پڕکردنەوەی بەڵێننامەی تایبەت.

**ماددەی (٥٣):**

**یەکەم:** خوێندکار بۆی نییە لە کاتی خوێندندا ئامادەنەبێت تەنها بە بیانوویەکی گونجـاو نەبێـت کە لەلایەن کارگێڕیەوە وەرگیراوە و ڕێگەی پێدراوە.

**دووەم:** بۆ هەژمـارکردنی ڕێـژەی ئامـادەنەبوون نمرەی تەواوی دەوام بە (١٠٠) سـەد نمرە بـۆ تەواوی سـاڵی خوێندن دیاریـدەکرێت هەروەهـا دوو نمـرەی لـێ دەبڕدرێـت بـۆ هەر ڕۆژێکـی خوێنـدن کە خوێنـدکار ئامـادە نەبێـت بەبـێ بیـانووی گونجـاو . ئامـادەنەبوون لە هەر چـوار وانەی جیـاوازدا بە یەکسـانی دادەنرێت لەگەڵ ئامادەنەبوونی یەک ڕۆژ. خوێندکار بە کەوتوو لە پۆلەکەی دادەنرێت ئەگەر پەنجـا و یەک نمرەی تەواوی دەوام یان زیاتر لە نمرەی ئامادەبوونەکەی ببڕدرێت، خوێندکار بۆی نیە بەشـداری تـاقیکردنەوەی کۆتـایی بکـات ئەگەر ئامـادەنەبوونی لە چـل و پێـنج ڕۆژی خوێنـدن زیـاتر بـوو بەبـێ گوێدانە بیانووەکان.

**سێیەم:** خوێندکار پابەندە بە کارکردن لە وەرشە و تاقیگەکاندا.

**چوارەم:** فۆرمێکی تـایبەت بـۆ دابەشـکردنی نمرەکـان بـۆ ئامـادەبوونی ڕۆژانە لە تاقیگەکـان و تەواوکردنـی ڕاهێنانە کرداریيە پێویستەکان ڕێکدەخرێت.

**پێنجەم:** فۆرم ووردەکارییەکان بەڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی ئامـادەیی و پیشـەییەوە دیاریدەکرێت.

**شەشـەم:** خوێنــدنگە ئامــادەنەبوونی خوێنــدکاران ڕادەگەیەنێــت و لیســتێک لەو بــارەیەوە لە بــۆردی ئاگادارییەکان هاوپێچ دەکات، لیستی ئامادەنەبوون بۆ هەر پۆلێک دەبێت ڕاوێژکاری پۆل و نـوێنەری خوێندکار لێی ئاگادار بکرێتەوە، خوێندکار بە کەوتووی پـۆلەکەی دادەنرێـت ئەگەر ئامـادەنەبوونی لە وانەکان لە سنوری دیاریکراو زیاتر بێت.

**ماددەی (٥٤): خوێندکار ڕێگەپێنەدراوە لە:**

**یەکەم:** ئامادەنەبوون لە خوێندنگە بەبێ بیانووی ڕەوا.

**دووەم:** دەرچـوون لە خوێنـدنگە لە کـاتی دەوامـدا بە هەر هۆکارێـک بێـت مەگەر بە مـۆڵەتی یاریـدەدەری کارگێڕی یان بەڕێوەبەر.

**سێیەم:** گزیکردن، گواستنەوە یان هەوڵدان بۆ گزیکردن بە هەموو جۆرەکانی و لە هەموو بارێکدا بەتایبەتی لە تاقیکردنەوەی نوسراو و زارەکیدا لە حاڵەتی گزیکردن سفر دەدرێتە خوێندکار لەو بابەتەی کە تێیدا گیراوە ئەگەر گزیکردن دووبارە بووەوە ئەوا خوێندکارەکە بە کەوتوو دادەنرێت.

**چوارەم:** بەکارهێنانی کەلوپەل و ئامێر و ئامرازەکانی خوێندنگە لە دەرەوەی کاتەکانی کاری کارپێکراو یان ڕاهێنان یان زیانگەیاندن پێیان.

**پێنجەم:** چوونە ناو پۆل و وەرشەکان لەکاتی پشووی نێوان وانەکان یان لەدەرەوەی دەوام.

**شەشەم:** هێنانی ڕۆژنامە وگۆڤار و ڕۆمان و ئەوانی دیکە بۆ ناو خوێندنگە جگە لە بڵاوکراوەی پەروەردەییوڕۆشنبیری و زانستی کە لەلایەن کارگێڕیەوە پەسەندن.

**حەوتەم:** هێنانی هەر کەسێک لەدەرەوەی خوێندنگە بەبێ ئاگاداری کارگێڕی.

**هەشتەم:** جگەرەکێشان وفڕێدانی پاشماوە لەناو خوێندنگە یا لەدەرەوەی ئەو شوێنانەی بۆ ئەم مەبەستە دیاریکراون.

**نۆیەم:** بەکارهێنانی خواردنەوە کحولییەکان یان ماددەی هۆشبەر بە هەموو جۆرەکانیەوە.

**دەیەم:** گوتنی ووشە، دەستەواژە، یان گفتوگۆی نەشیاو، قێزەون، یان بەزاندنی سنوری گفتوگۆ.

**یازدەم:** فرۆشتنی بلیتی ئاهەنگ و تیروپشک و هاوشێوەکانی یان فرۆشتنی کتێب و پێداویستی خوێندنگە لەناو خوێندنگە.

**دوازدەم:** ئەنجامدانی هەر مامەڵەیەکی بازرگانی لەگەڵ هاوپۆلەکانیدا یان لەگەڵ خوێندکارەکانی دیکە یان لەگەڵ هەر کەسێکی دیکە لە خوێندنگە.

**سێزدەم:** وەرگرتنی نامە و پۆستەی بەرید بە ناونیشانی خوێندنگە .

**چواردەم:** گفتوگۆ و مشتومڕ لە بابەتی ئایینی و سیاسیدا.

**پازدەم:** ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی سیاسی، دامەزراندنی شانە حزبییەکان، بەشداریکردن لە خۆپیشاندان و مانگرتن یان هاندانیان.

**شازدەم:** دانانی وێنەی سیاسی و بڵاوکراوەکان لە ناو خوێندنگە.

**حەوتەم:** دابەشکردن، واژۆکردن یان پێشکەشکردنی هەر جۆرە بڵاوکراوەیەکی هاندان بۆ کاری خراپ.

**هەژدەم:** هەڵگرتنی هەر جۆرە چەک و کەرەستەیەکی هێرش بردن زیانبەخش و مەترسیدار لەناو خوێندنگە بەمۆڵەت یان بە بێ مۆڵەت .

**نۆزدەم:** سەرپێچیکردن بە هەموو شێوەیەک لە ماوەی ساڵی خوێندن یان لە پشووی خوێندندا لە ناو خوێندنگەدا یان دەرەوەی خوێندنگە بەرامبەر ئەندامێکی کارگێڕی ، دەستەی مامۆستایان، فەرمانبەرانی خوێندنگە، وانەبێژان، سەردانیکەر، یان ناوبژیوانان یان سەرپەرشتیاران لە کاتی پێشبڕکێ، وەرزش، ڤێستیڤاڵەکان و کەمپی دێدەوانی.

**بیستەم:** پێشێلکردنی ئاسایش بە تاک یان بەکۆمەڵ.

**بیست ویەکەم:** زیانگەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی.

**بیست ودووەم:** هەر ڕەفتارێکی دیکە کە لیژنەی ڕێککاری بینێرێت بۆ ئەنجومەنی مامۆستایان دواتر ئەنجومەن بڕیار دەدات کە شایەنی سزایە.

**ماددەی (٥٥): ئەم ڕێوشوێنانەی خوارەوە دەگیرێنەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕەفتاری خوێندکار :**

**یەکەم:** ڕاوێژکاری و ڕێنمایی تاکە کەسی و گروپ.

**دووەم:** بانگهێشتکردنی بەخێوکار بۆ خوێندنگە بۆ هاوکاری کردن لەگەڵیدا بەمەبەستی ڕێنماییکردن و ئاراستەکردنی خوێندکار، ئاگادارکردنەوە، سەرنجڕاکێشان و سەرزەنشتکردن.

**سێیەم:** دەرکردنی خوێندکار لە خوێندنگە بۆ ماوەیەک کە لە (٦) شەش ڕۆژ زیاتر نەبێت، ئەم ڕێکارە یەکێکە لە دەسەڵاتەکانی لیژنەی ڕێککاری، ئەم سزایە جێبەجێ ناکرێت تەنها لەو کاتەوە دەبێت کە هەموو ڕێککارەکانی دیکەی ڕێنمایی بەرامبەری گیرابێتەبەر.

**چوارەم:** گواستنەوە بۆ خویندنگەیەکی دیکە.

**پێنجەم:**

أ- دەرکردنی خوێندکار بۆ ساڵی خوێندن بەبڕیاری ئەنجومەنی مامۆستایان دوای لێپرسینەوە لە خوێندکارەکە وئامادەکردنی پەڕاوی تایبەت لەسەر سەرپێچیەکەی لەلایەن یاریدەدەری کاروباری خوێندکارانەوە وپێشکەش بە بەرێوەبەری خوێندنگە دەکرێت، پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی پارێزگا، ئەگەر یەکێك لەو ڕەفتارانەی کە لە بڕگەکانی (هەژدەم و نۆزدەم و بیستەم و بیست و یەکەم و بیست و دووەم) لە ماددەی (٥٤)دا هاتووە ئەنجامبدات.

ب- خوێندکاری دەرکراو بەپێی بڕگەی (أ) لەم بەندە بەکەوتوو لە پۆلەکەی دادەنرێت و دەبێت ساڵی خوێندن دووبارە بکاتەوە ، بەمەرجێك خۆی و بەخێوکەرەکەی بەڵێن بدەن بۆ دووبارە نەکردنەوەی ڕفتاری نەشیاو.

**ماددەی (٥٦):**

**یەکەم:** لیژنەی ڕێککاری لە خوێندنگە بەسەرۆکایەتی بەڕێوەبەری خوێندنگە پێکدێت ویاریدەدەری کاروباری خوێندکاران وەک بڕیاردەر ودوو ئەندامی دەستەی مامۆستایان وئەندامێکی مامۆستایانی یەدەگ لەخۆدەگرێت.

**دووەم:** لیژنەکە بە بڕیارێکی ئەنجومەنی مامۆستایان لە سەرەتای هەموو ساڵێکی خوێندن دادەنرێت.

**سێیەم:** لیژنەکە بەئامادەبوونی ڕابەری پۆل ونوێنەری خوێندکاران کۆدەبێتەوە بەبێ ئەوەی دووەمیان مافی دەنگدانی هەبێت.

**چوارەم:** لیژنەکە بەزۆرینەی دەنگەکان بڕیارەکانی وەردەگرێت، لە ئەگەری یەکسانبووندا دەنگی سەرۆک بە باڵادەست دادەنرێت.

**پێنجەم:** لیژنەکە لەسەر بانگهێشتی سەرۆکەکەی یان یاریدەدەری کارگێڕی کۆدەبێتەوە بۆ سەیرکردنی سەرپێچییەکانی خوێندکاران لە ڕێنماییەکاندا و کۆبوونەوەکانیشی بە نهێنی دادەنرێت.

**شەشەم:** لیژنەکە بڕیارەکانی بە کۆنووس تۆمار دەکات کە واژۆی هەموو ئەندامەکانی لەسەرە بە ڕابەری پۆل و نوێنەری خوێندکارانیشەوە.

**ماددەی (٥٧):**

**یەکەم:** لێژنەی ڕێککاری لەسەر بانگهێشتی سەرۆکەکەی کۆدەبێتەوە دوای ئامادەکردنی پەڕاوی گرفتەکە بە تەواوی لەلایەن یاریدەدەری کاروباری خوێندکارەوە بەمەرجێک خوێندکاری سەرپێچیکار و سکاڵاکار بانگهێشت بکرێن بۆ گوێگرتن لە لێدوانەکانیان بە جیا.

**دووەم:** دانیشتنەکانی لیژنەی ڕیککاری بە یاسایی دادەنرێت ئەگەر زۆرینەی ئەندامان ئامادەبن.
**سێیەم:** گفتوگۆکانی لیژنەکە بە نهێنی دەبێت.
**چوارەم:** سکاڵاکار بەشداری کۆبوونەوەکانی لیژنەکە ناکات ئەگەر ئەندامی لیژنەکە بێت جگە لە بەڕێوەبەر.

**ماددەی (٥٨): ئەو لایەنەی سزاکان دەسەپێنێت:**

بەڕێوەبەری خوێندنگە بەخواستی خۆی یان لەسەر داوای یاریدەدەری کارگێڕی یان هونەری، مامۆستا، یان ئەو کەسەی کە لە لایەن خوێندکارەوە زیانی پێگەیشتووە ئەو سزایانە دەسەپێنێت کە لە بەندەکانی (یەکەم و دووەم و چوارەم) لە مادده (٥٥) دا هاتوون.

**یەکەم:** جگە لەو سزایانەی کە لە بەندی یەکەم لەم ماددەیەدا هاتوون، ئەگەر پێشێلکاریی خوێندکار بەگرنگ هەژمار کرا یان سەرپێچیەکانی دووبارە کردەوە ئەوا لەلایەن بەڕێوەبەری خوێندنگەوە ڕەوانەی لیژنەی ڕێککاری دەکرێت.
**دووەم:** لیژنەی ڕێککاری بڕیاری گونجاو لە دژی خوێندکار دەدات ودەتوانێت هەریەکێک لەو سزایانە بسەپێنێت کە لە ماددەی (٥٥) دا هاتوون.
**سێیەم:** سزاکە بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتی لیژنەی ڕێککاری لەلایەن بەڕێوەبەری خوێندنگەوە دەردەچێت.
**چوارەم:** بەخێوکەری خوێندکار ئاگادار دەکرێتەوە لەو سزایانەی کە بەسەر خوێندکاردا دەسەپێندرێت کە لە مادده (٥٥)ی ئەم ڕێنماییەدا دیارکراوە.

## بەشی هەشتەم
## ڕاهێنانی هاوینە

**ماددەی (٥٩):**

**یەکەم:** ڕاهێنانی هاوینە سەرجەم خوێندکارانی پۆلی یازدەمی خوێندنگە پیشەییەکان دەگرێتەوە.
**دووەم:** دەبێ ماوەی ڕاهێنانی هاوینە لە (١٤) ڕۆژ کەمتر نەبێت
**سێیەم:** ڕاهێنانی هاوینە لەلایەن ئەندامانی دەستەی مامۆستایانەوە سەرپەرشتیدەکرێت کە پسپۆڕی گونجاویان هەیە و بە بڕیارێک لەلایەن بەڕێوەبەرەوە دەستنیشاندەکرێن وە دەبێت لە بری ئەم ئەرکە بەشەوانە و دەرماڵەی پیشەییان بۆ خەرجبکرێت.
**چوارەم:** ڕێگە نادرێت خوێندکاری پیشەیی داواکاری بۆ تاقیکردنەوەی وەزاری گشتی پێشکەش بکات ئەگەر ماوەی ڕاهێنانی هاوینەی بە تەواوی ئەنجام نەدابێت.

**ماددەی (٦٠):**

**یەکەم:** کارگێڕی خوێندنگە بەهەماهەنگی لەگەڵ بەشەکانی کەرتی گشتی و لەگەڵ کۆمپانیا و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت بە لەبەرچاوگرتنی پسپۆڕییەکانی خوێندکاران ڕاهێنانی هاوینە بۆ خوێندکارەکانی ڕێکدەخات کە لە دەرەوەی خوێندنگە ڕاهێنان دەکەن.
**دووەم:** ڕاهێنانی هاوینە لە کەرتی تایبەتدا لەلایەن کۆمپانیا و دامەزراوەکانەوە پەسەند دەکرێت کە بە لێهاتوویی وکارامەیی لە کارەکانیاندا ناسراون.

**ماددەی (٦١):**

ڕاهێنانی هاوینە لەسەر (١٠٠) نمرە دەبێت و وەکو وانەیەکی فەرمی هەژمار دەکرێت.

## بەشی نۆیەم
## هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانی خوێندکاران

**ماددەی (٦٢):**

دەستەی مامۆستایان لە خەمی هەڵسەنگاندنی چالاکیی پەروەردەیی خوێندنگە و خوێندکاران و بەدەستهێنانی زانست و کارامەیی و لێهاتوویی بەپێی پێوەرە ورد و بابەتییەکان پشتڕاستدەکاتەوە. هەڵسەنگاندنەکە ئەمانەی خوارەوە لەبەرچاو دەگرێت:

**یەکەم:** پرۆگرامەکانی خوێندنی پیشەیی و ئامانج و پێکهاتەکانیان.

**دووەم:** شێوازەکانی وانەوتنەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن کە بە کرداری بەکارهێنراون.

**سێیەم:** تایبەتمەندی خوێندکاران و ئاستی زانستی و کرداری.

**چوارەم:** شارەزابوون لە تواناکانی کارامەیی کارکردن بەپێی پسپۆڕی و لقەکان.

**پێنجەم:** ستاندارد و جۆری خوێندن بەپێی ئەو ڕێکسازیيانەی کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەییەوە دەرچووە.

**ماددەی (٦٣):**

**یەکەم**: خوێندنی پیشەیی ئەم تاقیکردنەوانە ئەنجامدەدات:

**أ-** تاقیکردنەوەکانی پۆل (ڕۆژانە و مانگانە) بۆ تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندکاران لە ماوەی ساڵی خوێندندا، تاقیکردنەوەی زارەکی ونوسراوی ڕۆژانە لە چوارچێوەی وانەکانی ڕۆژانەدا ئەنجامدەدرێت، هەروەها تاقیکردنەوەی مانگانە لە کۆتایی مانگەکانی خوێندندا ئەنجامدەدرێت بەمەرجێک لە نیوەی یەکەم و دووەمی ساڵی خوێندندا بێت بۆ هەر یەکێکیان و لە دوو تاقیکردنەوە کەمتر نەبێت.

ب- تاقیکردنەوە بۆ وەرزی یەکەم لەو بابەتانە دەگرێتەوە کە لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە نیوەی یەکەمی ساڵی خوێندندا بەدەستی هێناوە لەگەڵ ڕێکەوتەکانی دیاریکراوی وەزارەت.

پ- تاقیکردنەوەی وەرزی دووەم لەو بابەتانە دەگرێتەوە کە لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە نیوەی دووەمی ساڵی خوێندندا بەدەستهاتوون.

ت - تاقیکردنەوەی خولی دووەم بۆ ئەو خوێندکارانەی لە وەرزی یەکەم یان دووەم دەرنەچوون لەو ڕێکەوتی ئەنجامدەدرێت کە وەزارەت دیاریدەکات.

ج- تاقیکردنەوەی وەزاری گشتی (بە دوو خول بەپێی بڕگەکانی ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوە گشتیەکان ئەنجامدەدرێت وسەرکەوتن تێیدا بە واتای تەواوکردنی قۆناغی خوێندن لە خوێندنی پیشەیی دەبێت بەپێی سروشتی هەر جۆرێک تێیداو وەزارەت ڕێکەوتەکانی تاقیکردنەوەی گشتی وەزاری دیاریدەکات).

**دووەم**: نمرەی تاقیکردنەوەکان بەم شێوەیە ئەژمار دەکرێت:

أ- نمرەی کۆتایی بۆ بەدواداچوونی ساڵانە بریتیە لە تێکەڵکردنی نمرەی وەرزی یەکەم و نمرەی وەرزی دووەم و دابەشکردنی بەسەر دوودا بەپێی ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تاقیکردنەوەکان وفێرکردنی ئامادەیی وپیشەیی بۆ پۆلی دە و یازدە .

ب- نمرەی کۆتایی ئەنجامی زیادکردنی تێکڕای گشتی کۆششی ساڵانە و نمرەی تاقیکردنەوەی کۆتایی خوێندنگە دابەشدەکرێت بەسەر دوو بۆ قۆناغی دوازدە.

پ- کەمترین نمرەی دەرچوون بریتیە لە (٥٠٪) پەنجا لە سەد.

**سێیەم**: خوێندکاری دەرنەچوو بەشداری تاقیکردنەوەکانی خولی دووەمی هەمان ساڵی خوێندن دەکات کە لەو بابەتانەی لە خولی یەکەمدا دەرنەچووە.

**ماددەی (٦٤):**

نمرەی تاقیکردنەوەکانی خوێندکاران بەپێی حوکمەکانی بەندی (حەوتەم) لە ماددەی (٧١) وە ماددەی (٧٢) لە پەیرەوی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٧ هەژمار دەکرێت.

**ماددەی (٦٥):**

**یەکەم**: بەڕێوەبەری خوێندنگە داوای هاوکاری سەرجەم ئەندامانی دەستەی مامۆستایان دەکات بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی خوێندنگە و ئەرکەکانیان بەسەردا دابەش دەکات.

**دووەم**: لە کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی نووسینەکی خوێندنگە پێویستە ڕەچاوی ئەمانەی خوارەوە بکات

أ- دڵنیابوون لە ناسنامەی خوێندکاران لەکاتی پێویستدا.

ب- ڕێگەنەدان بە بەشداریکردنی خوێندکار لە تاقیکردنەوەکاندا دوای دابەشکردنی پرسیارەکان.

پ- دەبێ هەر خوێندکارێک واژۆ لەسەر لیستی ئامادەبوون بکات بۆ پشتڕاستکردنەوەی بەشداریکردنی لە تاقیکردنەوەکەدا.

ت- دەرچوونی هەر خوێندکارێک پێش تەواوبوونی (٣٠) خولەک لە دابەشکردنی پرسیارەکان لە هۆڵ قەدەغەیە.

ج- دوای ئەوەی خوێندکار پەڕاوی وەڵامەکەی رادەست دەکات، مافی ئەوەی نییە دووبارە بیباتەوە یان هیچ بەڵگەنامەیەکی بۆ زیاد بکات.

چ- بەکارهێنانی ئامرازەکان وەکو ( ژمێریار - ڕەشکەرەوە ...هتد). بە هاوبەشی لە نێوان خوێندکاراندا ڕێگەپێنەدراوە.

ح- بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی وەک مۆبایل وهێدفۆن و هتد بە تەواوی ڕێگەپێنەدراوە.

خ- بەکارهێنانی هەر شتێک جگە لە قەڵەمێکی ڕەش یان شین بۆ وەڵامدانەوە ڕێگەپێنەدراوە.

د- دەرچوونی کاتی بە تەواوی ڕێگەپێنەدراوە مەگەر لە حاڵەتە تەنگەتاوییەکان و ئەوەش چاودێرێکی لەگەڵدەبێت.

**سێیەم**: بەرپرسی چاودێریکردنی تاقیکردنەوەکان دەبێ بەم رێکارانەی خوارەوە کارەکانی ئەنجامبدات:

أ- پابەندبوون بە ڕێساکانی بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوەکان.

ب- داواکردن لە خوێندکار بەهیچ شێوەیەک قسە نەکات یان ئاوڕدانەوەیەکی گوماناوی بکات هەروەها لە ئەگەری ڕودانی ڕوداوێک لە ماوەی تاقیکردنەوەکەدا دەبێت ڕاپۆرتێکی ورد لەسەر ڕوداوەکە پێشکەش بە کارگێڕی بکرێت.

پ- نوسینی تۆماری هەر تاقیکردنەوەیەک کە ئەنجامدەدرێت.

**چوارەم**: گزیکردن وهەموو هەوڵێک بۆ گزیکردن بە سەرپێچی دادەنرێت کە خوێندکار لەسەری سزا دەدرێت بە بێبەشکردنی لە تاقیکردنەوەکانی ئەو ساڵە و **بەکەوتوو** لە پۆلەکەی دادەنرێت.

**پێنجەم**: پێویستە چاودێران لە ژووری تاقیکردنەوە ڕاپۆرتێک لەسەر بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکە بنوسن و پێشکەشی بەرێوەبەری خوێندنگە بکەن. ڕاپۆرتەکە ئەم بابەتانە لەخۆوە دەگرێت:

أ- ناونیشانی بابەتەکە و رێکەوت و کاتی تاقیکردنەوەکە.

ب- لیستی ئەو مامۆستایانەی بەرپرسیارن لە چاودێریکردن و واژۆکردنیان لە لایەن بەڕێوەبەری بنکەی تاقیکردنەوەکان یان بەڕێوەبەری خوێندنگە.
پ- لیستی خوێندکارانی ئامادەبوو لەگەڵ واژۆکانیان.
ت - ژمارەی دەفتەرەکانی وەرگیراو لە خوێندکاران.
ج- ڕوداوەکانی تۆمارکراو لە کاتی چاودێریکردن (هەوڵدان بۆ گزیکردن و بەجێهێشتنی هۆڵی تاقیکردنەوە...هتد).

**ماددەی (٦٦):**

وەزارەت تاقیکردنەوە فەرمییەکان ڕێکدەخات و لە ئەنجامدا بڕوانامەی خوێندنی ئامادەیی پیشەیی دەبەخشرێت. تاقیکردنەوەی فەرمی بە دوو خول بەپێی بڕگەکانی ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوە گشتییەکان ئەنجامدەدرێت. وەزارەت کاتی خولی ئەم تاقیکردنەوەیە دیاریدەکات و پێشوەختە ڕێکەوتەکەیان ڕادەگەیەنێت.

**ماددەی (٦٧):**

**یەکەم:** ئەگەر خوێندکار دوو ساڵ لەسەریەک لە پۆلێکدا سەرکەوتوو نەبوو ئەوا لە خوێندنگە سڕینەوەی ناوی بۆ دەکرێت.

**دووەم:** ئەگەر خوێندکار دوای سەرنەکەوتنی بۆ ساڵی دووەم بەهۆی نەخۆشییەوە کە ڕاپۆرتی پزیشکی فەرمی هەبێت یان بە هۆکارێک لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆی بێت، دەبێ کارگێڕی خوێندنگە ڕەچاوی ئەم دۆخە بکات ئەگەر تەمەنی خوێندکار خوار تەمەنی یاسایی بێت ئەوا خوێندکار یا بەخێوکەرەکەی دەتوانن داواکارییەک پێشکەش بکەن کە ڕەوایەتی **بە**هۆکاری ئامادەنەبوونی لە تاقیکردنەوەکەدا پێبدات وسەرجەم بەڵگەنامە یاساییە هاوپێچەکانی لەگەڵ بێت بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی لە بەڕێوەبەری خوێندنگە بۆ دووبارەکردنەوەی ساڵی خوێندن بۆ جاری سێیەم بە مەرجێک ئەم ڕەزامەندییە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەییەوە پشتڕاستبکرێتەوە.

## بەشی دەیەم
## کتێبخانە

**ماددەی (٦٨):** پێویستە لە هەموو خوێندنگەیەك کتێبخانەیەك هەبێت.

**ماددەی (٦٩):**بەکارهێنەرانی کتێبخانە دەبێت پابەندی ڕێساکان بن. بەپێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی بەرامبەر سەرپێچیکار دەگیرێتەبەر.

**ماددەی (٧٠):**

بەکارهێنەری کتێبخانەکە ناسنامەی کتێبخانەی پێدەدرێت ئەم کارتەش بە بەڵگەنامەیەکی کەسی دادەنرێت، ئەم کارتە لە سەرەتای هەر ساڵێکی خوێندن نوێ دەکرێتەوە، لەم کارتەدا کتێب یان هەر شتێکی دیکەی وەرگیراو و ڕێکەوتی وەرگرتن و ڕێکەوتی گەڕانەوەیان تۆمار دەکرێت.

**ماددەی (٧١):**

خواستنی ناوخۆیی سنوردارە بە یەک کتێب یان بەڵگەنامە (فیلم، سی دی وهتد)، وە خواستنی دەرەکی سنووردارە بە دوو کتێب یان دوو بەڵگەنامە تەنها بۆ زۆرترین ماوە کە دوو هەفتەیە. فەرهەنگ و ئینسایکلۆپیدیاکان لە خواستنی دەرەکی بێبەشن.

**ماددەی (٧٢):**
خوازیاری کتێب دەبێ لە کۆتایی هەر ساڵێکی خوێندندا ئەستۆپاکی لە کتێبخانەکە وەربگرێت. سەبارەت بە دەرچوان، بڕوانامەی دەرچوونیان پێ نادرێت تا دوای گەڕانەوەی کتێب و بەڵگەنامەی وەرگیراو.
**ماددەی (٧٣):**
پرۆسەی سەرژمێری و ژماردنی بەڵگەنامەکانی کتێبخانە هەموو ساڵێک لە پشووی هاویندا دووبارە دەبێتەوە بۆیە دەبێت بەڵگەنامە وەرگیراوەکان پێش (١٥) پانزە ڕۆژ لە ڕێکەوتی ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێری وەربگیرێنەوە.

**بەشی یازدەیەم**
**خوێندنی پیشەیی دووانە**

**ماددەی (٧٤):**
**یەکەم**: ناوی "خوێندنی دووانە" یان "خوێندنی هاوبەش" بەو خوێندنە دەوترێت کە بە دوو هێڵی هاوتەریبدا پەیڕەو دەکرێت لایەکی لە خوێندنگەوە دەبێت و لایەنەکەیدی لە دەرەوەی خوێندنگەوە دەبێت.
**دووەم**: خوێندکاران لایەنی تیۆری خولەکانیان بەپێی پرۆگرامە فەرمییەکان لە خوێندنگە دەخوێنن لەکاتێکدا لایەنی کردارییان لە شوێنی کارەکانی دامودەزگا بازرگانی و پیشەسازی و گەشتیاری و خزمەتگوزارییەکان بۆ دابیندەکرێت.
**ماددەی (٧٥): لایەنە باشیەکانی خوێندنی پیشەیی دووانە بریتیە لە هاتووی خوارەوە:**
**یەکەم**: بەشێک لە خوێندنەکە بەتایبەتی خوێندنی کرداری لە شوێنی کار (لە دامەزراوەکاندا) ئەنجامدەدرێت.
**دووەم**: خوێندنی کرداری لە دوو شوێنەوە ئەنجامدەدرێت خوێندنی پیشەیی لە لایەک و دامەزراوەی ئابووری یان بەرهەمهێن لە لایەکی دیکەوە.
**سێیەم**: خوێندکار لە دامەزراوەکەدا پابەندی سیستەمی کارە لە دامەزراوەکەدا وە پابەندی سیستەمی خوێندنەو لە خوێندنگەکەیدا.
**چوارەم**: خوێندنی دووانەیی پەیوەستە بە گەشەسەندنی بەردەوامەوە بەتایبەتی سەبارەت بە دروستکردنی پیشەی نوێ لە بوارە نوێیەکانی کار و هاوچەرخکردنی پیشەکانی ئێستا.
**پێنجەم**: خوێندکار فێردەبێت و ئاشنا دەبێت بە بارودۆخی کارکردنی ڕاستەقینە وەک ئەوانەی کە دواتر لە بازاڕی کاردا ڕووبەڕووی دەبێتەوە.
**ماددەی (٧٦): سوودەکانی خوێندنی پیشەیی دووانە بەم شێوەیەیە:**
**یەکەم**: سوودەکانی بۆ خوێندکاران:
**ا-** خوێندکار ئەو زانیاریانەی لە خوێندنی پیشەیی بەدەستی هێناوە لە بواری پراکتیکی (پیشەسازی – بازرگانی– کشتوکاڵی– هونەری پیادەکراو وگەشتوگوزار) بەکاردەهێنێت و بە کردەیی بەشداری لە پسپۆڕیەکەیدا دەکات و شتەکان بەشێوەی راستیەوە (واقیعەوە) دەبینێت .
**ب-** خوێندکار لەسەر هێڵەکانی بەرهەمهێنانی ڕاستەقینە ڕادەهێنرێت و کارامەیی و زانیاری و شێوازی نوێ بەدەستدەهێنێت کە ئەگەر خوێندنەکەی تەنها لە خوێندنی پیشەییدا قەتیس بوایە فێری نەدەبوو.

پ- خوێندکار بەپێی ڕێسا و یاساکانی ئەو دامەزراوە ئەهلیەی تیایدا ڕاهێنراوە کار دەکات بۆیە ڕاهێنانی دەبێتە هۆی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی وڕێکاری کار وپشتبەستن بەخۆی وچۆنێتی هاوکاری وکارکردن لەگەڵ کەسانی دیکە.

ت - ئەگەری زۆرە خوێندکار لە شوێنی ئەو کارەی کە تێیدا ڕاهێنانی پێکراوە و بە موچەیەکی باش کارێکی هەمیشەیی بەدەستبهێنێت بە لەبەرچاوگرتنی توانای کارکردنی ڕاستەوخۆ دوای تەواوکردنی خوێندن و کورتکردنەوەی ماوەی ڕاهێنان کە پێش ئەوەی کرێکارە نوێیەکان تێیدا تێدەپەڕن .

ج- لە ماوەی ڕاهێناندا خوێندکار دەتوانێت کرێی ئەو کارە وەربگرێت کە ئەنجامیدەدات.

**دووەم**: سوودەکانی بۆ دامەزراوەکە:

أ- ئەو دامەزراوەیەی کە ڕاهێنان بە خوێندکاران دەکات سودمەند دەبێت لە ڕێگەی مامەڵەکردنی لەگەڵیان لە ماوەی ڕاهێناندا و دەتوانێت باشترینیان لە نێوانیاندا هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی دواتر کاری بۆ بکات . هەروەها تێچوی دەرئەنجامی بەڕێوەبردنی پرۆسەکانی هەڵبژاردن و ڕاهێنانی کارمەندی نوێ کەمدەکاتەوە ئەویش خۆی لەو مەترسیانە دەپارێزێت کە بەهۆی کرێکارە نوێیە ڕاهێنراوەکانەوە دروست دەبن.

ب- سود لە بوونی خوێندکاران دەبینێت کە توانای مامەڵەکردن و کارپێکردن و چاککردنەوەی ئامێرەکانیان هەیە ئەمەش زۆرجار تێچووی چاککردنەوە پاشەکەوت دەکات و کاتی وەستانی ئامێرەکان کەم دەکاتەوە.

**ماددەی (٧٧):**

**یەکەم**: خوێندنگە پیشەییەکان کە خوێندنی دووانە دەگرنەبەر دەبێت پەیوەندیی پێویست لەگەڵ دامەزراوە فەرمی و ئەهلییەکان بکەن بۆ دەستەبەرکردنی ڕاهێنان بۆ خوێندکارەکانیان و ئەوانیش بەهاوکاری ژوورەکانی پیشەسازی و بازرگانی و کۆمەڵە پەیوەندیدارەکانی دیکە بۆ بەدەستهێنانی ئاسانکاری ئەنجامدانی ئەم کارە.

**دووەم**: دامەزراوەکە گرێبەستی ڕاهێنان بۆ خوێندکار ڕێکدەخات کە مافەکانی هەردوولا مسۆگەر دەکات و لەلایەن ئەو خوێندنگەیەی کە خوێندکارەکە بڕوانامەی پێدراوە.

**سێیەم**: ڕاهێنانی کرداری لە دامەزراوەکە لە ساڵی یەکەم و دووەمی قۆناغی خوێندنی پیشەیی لە کاتێکی گونجاودا دەستپێدەکات، ڕاهێنانی تیۆری و کرداری لە بەرامبەردا لە نێوان خوێندنگەو و دامەزراوەکەدا ئەنجامدەدرێت کە خوێندکار لە هەفتەیەکدا سێ ڕۆژ لە خوێندنگە دەخوێنێت و دوو ڕۆژ لە دامەزراوەکەدا ڕاهێنان دەکات.

**چوارەم**: لە فێرکردنی خوێندنی پیشەیی دووانەدا سەرپەرشتیاری ڕاهێنان هەیە لە مامۆستایانی ئەو پسپۆڕییەی کە پێویستە خوێندکار تێیدا ڕابهێنرێت بۆ ئەوەی بەرپرسیار بێت لە بەدواداچوونی خوێندکار لە ماوەی ڕاهێنانی کرداریدا لە دامەزراوەکە و کارگەکاندا.

**پێنجەم**: کارامەیی خوێندکاران لە کۆتایی ماوەکانی ڕاهێناندا لەلایەن لیژنە تایبەتمەندەکانی خوێندنگە و دامەزراوەکەدا هەڵدەسەنگێندرێت هەروەها خوێندکارە سەرکەوتووەکە بڕوانامەی ئامادەیی پیشەیی (خوێندنی دووانە)ی پێدەدرێت.

**شەشەم:** گرنگی خوێندنی دووانە پێویستی بەوەیە کە دایک وبابی خوێندکار و ئەوانەی بەرپرسی پەروەردە و ڕاهێنانن بە یەکسانی درک بە گرنگی پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی بکەن لە ژیانی هاوچەرخدا و سودەکانی ڕاهێنان لە شوێنی کاردا، پێویستە هەڵمەتێکی هۆشیاری ئەنجامبدرێت بۆ ئەوەی دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت باوەڕ بە گرنگی ئەم خوێندنەو وسوودەکانی بکەن کە سودێکی زۆری بۆ ئەوان و کۆمەڵگە هەیە و دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی هێزێکی کاری شایستە و گەنج کە توانای باشترکردنی کارامەیی کارکردن و بەرزکردنەوەی توانای دامەزراوەکانیان بۆ پەرەپێدانی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانیان وڕکابەریکردن.

**حەفتەم:** چۆنیەتی جێبەجێکردنی خوێندنی دووانە:

أ- قوتابیان و خوێندکاران لەسەرەتای ساڵی خوێندن لە قۆناغی یەکەم و دووەم سەرپشک دەکرێن لە دۆزینەوەی شوێنی ڕاهێنانی پیشەیی خوێندنی دووانە.

ب- لە ئەگەری نەدۆزینەوەی شوێنی ڕاهێنانی پیشەیی لە لایەن قوتابیان و خوێندکاران کارگێڕی قوتابخانە و مامۆستایان ڕاهێنەرانی پیشەیی هەڵدەستن بەهەماهەنگی کردن لەگەڵ دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت و گشتی بۆ دۆزینەوەی شوێنی ڕاهێنانی پیشەیی

پ- لە کاتی دۆزینەوەی شوێنی ڕاهێنانی پیشەیی کارگێڕی قوتابخانە یاداشتی لێک تێگەیشتن لەگەڵ دامەزاوەکە واژۆ دەکەن.

ت - کارگێڕی قوتابخانە بەڵێننامەیەک بە قوتابی واژۆ دەکات بۆ ئەوەی قوتابییەکە پابەند بێت بە سەرجەم ڕێنمایی و یاساکانی دامەزراوەکە و پاراستنی سەرجەم کەلوپەلەکان.

ج- مامۆستاو ڕاهێنەری پیشەیی هەڵدەستن بە سەردانیکردنی قوتابیان لە شوێنی پیادەکردنی خوێندنی دووانە بە مەبەستی بەدواداچوون و سەرپەرشتیکردن.

چ- نمرەی کرداری لە لایەن بەرپرسی کاری قوتابییەکە بە هەماهەنگی مامۆستا و ڕاهێنەری پیشەیی وانەی کرداری دادەنرێت.

## بەشی دوازدەیەم

## سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی لە ئامادەییە پیشییەکان

**ماددەی (٧٨):**

**یەکەم** : سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بەرپرسە لە سەردانیکردنی ئامادەیە پیشەییەکان بە مەبەستی ڕێکخستنی میلاک و دابەشکردنی بەشەوانەو تۆمارەکان وتەواوی کاروباری کارگێڕی ئامادەییەکە.

**دووەم** : سەرپەرشتیاری پەروەردەی پیشەیی هەڵدەستێت بە سەردانیکردنی بەشی کرداری لە ئامادەییە پیشەییەکان بۆ مەبەستی هەڵسەنگاندن و ڕێکخستن و بەدواداچوونی میلاکی پیشەیی، چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاری کرداری وەرشەکان و ڕاهێنانی پیشەیی، سەردانیکردنی بەشەکانی پەروەردە پیشەییەکان لە قۆناغی بنەڕەتی بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە.

**ماددەی (٧٩):**

**یەکەم: سەرپەرشتیار پەروەردەیی پیشەیی هەڵدەستێت بە:**

**أ-** سەرپەرشتیکردنی بەشەکانی پەروەردەی پیشەیی بۆ دڵنیابوون لە باش بەڕێوەچوونی دەوام و کوالیتی خوێندنی پیشەیی لە بەشەکانی پەروەردەی پیشەیی.

ب- پێشنیازی کردنەوە و لێکدان و گواستنەوەی بەشەکانی پەروەردەی پیشەیی.
پ- پێشنیازی دانانی یاریدەدەری هونەری بەپێی ڕێنماییەکان.
ت - ڕێکخستنی میلاک و دابینکردنی میلاکی پێویست بەهەمەهانگی لەگەڵ بەڕێوەبەر و یاریدەدەری هونەری.
ج- ڕێکخستن وسەرپەرشتیکردنی چالاکی و پێشانگەکان.
چ- ڕێکخستنی کات و شێوازی سەردانیکردنی سەرپەرشتیاران کە لەلایەن یەکەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەی پیشەییەوە ڕێکدەخرێت.
ح- ڕێنمایکردن و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی مامۆستایانی پیشەیی.
**دووەم:** مەرجەکانی بوون بەسەرپەرشتیاری پەروەردەیی پیشەیی بریتین لە:
أ- تەمەنی لە (٥٠) ساڵ زیاتر نەبێت.
ب- پسپۆرییەکەی گونجاو بێت.
پ- هەڵگری بڕوانامەی پیشەیی بێت (لە بواری پیشەیی).
ت - خزمەتی لە ( ١٥ ) ساڵ کەمتر نەبێت لە خوێندنگەی پیشەیی و لە پسپۆری خۆی.
ج- بوونی پلەی بەتاڵ لە پسپۆرییەکەی.

## بەشی سێزدەیەم
## خوێندن و فێرکردنی پەروەردەی پیشەیی لە قۆناغی بنەڕەتی

**ماددەی (٨٠):**
فێرکردنی پیشەیی لە قۆناغی بنەڕەتی کە بە پەروەردە پیشەییەکان دەناسرێت سەرەتاکانی فێرکردنی پیشەیی دەخوێنرێت بە شێوەی تیۆری و کرداری کە بە شەکانی (سیرامیک ، کانزاکان ، دارتاشی ، چنین ، گوڵ دروست کردن ، کارەبا و وێنەی ئەندازەیی هتد...) شان بەشانی وانەکانی بنەڕەتی دیکە وەک وانەیەکی سەربەخۆ دەخوێندرێ بۆ هاندانی قوتابیان بۆ ئەوەی لە دوای قۆناغی بنەڕەتی بچنە خوێندنگە پیشەییەکان، کە بەفەرمانی بەرێوەبەری گشتی پەروەردە دەکرێنەوە.
**ماددەی (٨١): پەروەردەی پیشەیی ئەم ئامانجانە دێنێتەدی:**
**یەکەم:** ئاشناکردنی قوتابیان بە ئامێرو کەرستەکان و شێوازی پاراستنیان لە ڕێگەی ڕاهێنان.
**دووەم:** گەشەپێدان و پەرەپێدانی توانای قوتابیان لە بواری پیشەدا.
**سێیەم:** ئاشناکردن وئارەزوو خوازی قوتابیان بۆ ئامادەییە پیشەییەکان.
**چوارەم:** شارەزا بوون لە چۆنیەتی خۆپاراستن لە کاتی کارکردنی پیشەدا.
**ماددەی (٨٢): بەشی کارگێڕی پیشەیی پێک دێت لە:**
**یەکەم: یاریدەدەری هونەری پیشەیی:**
بەمەبەستی زیاتر ڕێکخستنی کاروبارەکانی پەروەردەی پیشەیی یاریدەدەرێکی هونەری دادەنرێت بە هەمەهانگی بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە بەشەکانی پەروەردەی پیشەیی، بەدەر لە رێژەی یاسایی قوتابخانەکانی تر.
**دووەم: ئەرکەکانی یاریدەدەری هونەری پیشەیی:**
**أ-** دانانی پلانی ساڵانەی پێشخستنی پیشەیی.

**ب-** ڕێکخستنی میلاکی پیشەیی بەهەماهەنگی لەگەڵ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە بەشەکانی پەروەردەی پیشەیی.

پ- بە دواداچوون و سەرپەرشتی دەوامی مامۆستایان و فەرمانبەرانی پیشەیی.

ت - بە دواداچوون و سەرپەرشتی چالاکی وانە پیشەییەکان.

ج- بە دواداچوون و سەرپەرشتی ئامێر و کەلوپەلەکانی پەروەردەی پیشەیی.

چ- بەرپرسیارێتی سەرجەم تۆمارەکانی بەشی پەروەردەی پیشەیی .

ح- دابەشکردنی وانەکان بەپێی پسپۆری و بەشەوانەکان.

خ- سەرپەرشتیکردن و بە دواداچوون بۆ چۆنیەتی ووتنەوەی وانەکان.

د- ووتنەوەی بەشەوانەی دیاریکراو هاوشێوەی یاریدەدەرانی قوتابخانە بنەڕەتیەکان.

**ماددەی (٨٣):**

لە کاتی دانانی یاریدەدەری هونەری پیشەیی دەبێت سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە بەشەکانی پەروەردەی پیشەیی کەسێک دەستنیشان بکات بەپێی ئەو مەرجانەی لە خوارەوە دیاریکراون لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا و فەرمانی کارگێری بۆ دەردەچێت:

**یەکەم:** دەبێ یەکێک بێت لە میلاکی مامۆستایانی پیشەیی قوتابخانەکە.

**دووەم:** پێوستە دەرچووی زانکۆی تەکنیکی بێت خزمەتی زیاتر لە (٥) ساڵ بێت وەک مامۆستای پیشەیی، لە کاتی نەبوونی دەرچووی زانکۆی تەکنیکی دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی یاخود ئامادەیی پیشەیی دابنرێت بەمەرجێك خزمەتی لە (٧) ساڵ کەمتر نەبێت بەدەر لە ڕێژەی یاسایی یاریدەدەری قوتابخانەکانی دیکە پێویستە بڕوانامە و ساڵانی خزمەت و هەڵسەنگاندن ڕەچاوبکرێت بەپێی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە.

**سێیەم:** توانای بەڕێوەبردن و چاودێریکردنی هەبێت و کەسێکی پەروەردەیی بێت.

**چوارەم:** لەدەسەڵاتی سەرپەرپەرشتیاری پەروەردەی پیشەیی بێت بەهەماهەنگی لەگەڵ کارگێڕی قوتابخانەکە.

**ماددەی (٨٤):**

**یەکەم:** مامۆستای پیشەیی **لە** پەروەردەی بنەڕەتی دەبێت دەرچووی زانکۆیی بێت لە پسپۆری پیشەیی، لە کاتی نەبوونی دەرچووی زانکۆ بۆ پسپۆری پێویست دەکرێت سوود لە دەرچوانی پەیمانگەکانی تەکنیکی و دەرچووی ئامادەیی پیشەیی وەربگیرێت، بەشە وانەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

**أ-** مامۆستای پیشەیی پەروەردەی بنەڕەتی کە بڕوانامەکەی لە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی پیشەیی کەمتر نییە لە پسپۆڕییە تەکنیکییەکان (٢٢) بەشەوانەی بۆ دادەنرێت.

ب- مامۆستا وڕاهێنەری پیشەیی پەروەردەی بنەڕەتی کە بڕوانامەکەی لە دبلۆمی تەکنیکی کەمتر نییە (٢٤) بەشەوانەی بۆ دادەنرێت، لەکاتی زۆر پێویست دەتوانرێ پەنا ببرێتە بەر دەرچووانی ئامادەییە پیشەییەکان کە (٢٦) بەشەوانەی بۆ دادەنرێت.

**دووەم: ئەرکەکانی مامۆستا:**

أ- پابەند بوون بەدەوامی فەرمی.

ب- پۆشینی جلوبەرگی کارکردن.

پ- پابەند بوون بەپرۆگرامی خوێندنی پیشەیی.
ت - هەبوونی پلانی ساڵانە و ڕۆژانە .
ج- بەشداریکردن لە سەرجەم چالاکی و پێشانگەکانی پەروەردەی پیشەیی.

**ماددەی (٨٥):**

**یەکەم: ڕاهێنەری هونەری**

یاریدەدەری مامۆستای پیشەییە وانەکانی تیۆری و کرداری لە پەروەردە پیشەییەکان دەڵێتەوە پێویستە دەرچووی پەیمانگەی تەکنیکی یان ئامادەیی پیشەیی بێت وساڵانە هەڵبسەنگێندرێت بەپێی ڕێنماییەکان.

**دووەم: ئەرکەکانی ڕاهێنەری هونەری:**

أ- پابەند بوون بەدەوامی فەرمی.
ب- پۆشینی جلوبەرگی کارکردن.
پ- پابەند بوون بەپرۆگرامی خوێندنی پیشەیی.
ت - هەبوونی پلانی ساڵانە و رۆژانە .
ج- بەشداریکردن لە سەرجەم چالاکی و پێشانگەکانی پەروەردەی پیشەیی.

**تۆمارەکان**

**ماددەی (٨٦):** پەروەردەی پیشەیی پێویستە بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئەم تۆمارانەی هەبێت:

**یەکەم:** تۆماری میلاک.
**دووەم:** تۆماری ئامادەبوون.
**سێیەم:** تۆماری ئامێرەکان.
**چوارەم:** تۆماری کەل وپەل (ژمێریاری١٣).
**پێنجەم:** تۆماری چالاکی.
**شەشەم:** تۆماری خەرجی.
**حەفتەم:** تۆماری سەردانی سەرپەرشتیاران.
**هەشتەم:** تۆماری کەلوپەلی بەکار هاتوو.
**نۆیەم:** هەر تۆمارێکی دیکەی پێویست بێت.

**ماددەی (٨٧):**

**یەکەم:** میلاک: دابەشکردنی میلاک بەپێی پسپۆری وکارامەیی بەهەماهەنگی یاریدەدەر و بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیار دەبێت، پێویستە ڕەچاوی کۆی گشتی بەشەوانەکان بکرێت.

**دووەم:** بەشەوانەی پەروەردەی پیشەیی بریتیە لە:

أ- هەفتانە دوو بەشە وانە دەخوێنرێت.
ب- پێویستە بەشەوانەکان لەدوای یەکەوە بن لە یەک ڕۆژدا وانەی یەکەم تیۆری و وانەی دووەم کرداری بێت.
پ- بەشەوانەی مامۆستای پەروەردەی پیشەیی هاوشێوەی مامۆستایانی بنەڕەتی دەبێت.
ت - هەر بەشەوانەیەکی کرداری بە (٢) بەشەوانە هەژمار دەکرێت.
ج- دەکرێت مامۆستای پیشەیی وانەی تیۆری وکرداری یاخود تەنها یەکێکیان بڵێتەوە.

چ - لەوانەی کرداری یاریدەدەری مامۆستا (ڕاهێنەری هونەری) بەهەمان شێوە (٢) بەشەوانەی بۆ هەژمار دەکرێت لە خشتەی بەشەوانەکان .

ح - پێویستە بۆ هەر وانەیەکی پەروەردەی پیشەیی (تیۆری و کرداری) دوو مامۆستا بە یەکەوە وانەکە بڵێنەوە ودەبێت مامۆستای سەرەکی و یاریدەدەری مامۆستا بکرێت لە خشتەی بەشەوانەکان دەستنیشانبکرێت.

خ - لە کاتی بوونی بەشەوانەی بەتاڵ لە هەر قوتابخانەیەکدا پێوستە بەشێوەی تەواوکردنی بەشەوانە، وانەبێژی، گۆڕینی ناوونیشانی فەرمانبەر بۆ مامۆستا یان بە دامەزراندنی مامۆستای نوێ پڕبکرێتەوە .

**ماددەی (٨٨):**

**یەکەم:** فەرمانی کردنەوە وداخستنی بەش لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگادا دەبێت.

**دووەم:** بۆ کردنەوەی هەر بەشێکی نوێ پێویستە ئەم پێداویستیانە دابین بکرێت:

أ- پێویستە ئەو بەشە نوێیە گونجاو بێت لەگەڵ پێویستی بازاڕ و سەردەم.

ب- شوێنی پێویست و گونجاوی بۆ دابین بکرێت.

پ- مامۆستای پێویست و شارەزای هەبێت.

ت- پرۆگرامی خوێندنی بۆ ئامادە بکرێت.

ج- کەل و پەل و ئامێر و پێداویستی بۆ تەرخان بکرێت.

**ماددەی (٨٩):**

**یەکەم:** بودجەیەک دابین دەکرێت بۆ مەشق وڕاهێنانی کرداری ساڵانە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان بەپێی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە.

**دووەم:** داهاتی پەروەردەی پیشەیی بەپێی ڕێنماییەکانی دارایی وڕێنماییەکانی پرۆژەکانی بەرهەمهێنان دەبێت، بەم شێوەی خوارەوە:

أ- فرۆشتنی بەرهەم لە پێشانگەکاندا.

ب- بەخشش و دیاری بێ مەرج لە لایەن هاووڵاتیان و ڕێکخراوەکان.

پ- بڕی پارەی تەرخانکراو لە پەروەردەکان.

**سێیەم: خەرجییەکان:**

پێویستە داهات بەم شێوەیە خەرجبکرێت:

**ا-** پێکهێنانی لێژنەی خەرجی لە (٣) مامۆستا یەکێکیان دەبێت بە سەرۆک.

**ب-** کار بە ڕێنماییە داراییە کارپێکراوەکان دەکرێت.

**پ-** بەپێی پێویستی بەشەکان خەرجدەکرێت.

**ماددەی (٩٠):**

**یەکەم:** پرۆگرامەکان بۆ قۆناغەکانی خوێندن جیادەکرێنەوەو (پۆلیندەکرێن).

**دووەم:** دەبێت یەک پرۆگرامی خوێندنی پیشەیی لە پەروەردە پیشەییەکاندا هەبێت.

**سێیەم:** دەبێت پرۆگرام بۆ هەموو بەشەکانی پەروەردەی پیشەیی هەبێت.

**چوارەم:** پێویستە پرۆگرامەکان جەختبکەنەوە سەر لایەنی کرداری وتیوری.

**ماددەی (٩١):**

**یەکەم:** کاتی تاقیکردنەوەکان دیار دەکرێت لەگەڵ خشتەی وانەکانی تاقیکردنەوەی وەرزەکان.

**دووەم:** نمرەکان بەپێی سیستەمی فێرکردنی بنەڕەتی دەبێت.

**سێیەم:** تاقیکردنەوەی کرداری پێش تاقیکردنەوەکان دەکرێت لە ناو بەشەکاندا.

**چوارەم:** بەپێی ئەو بەشانەی کە لە قوتابخانەکان هەیە و دەخوێنرێت نمرەکان بە یەکسانی دابەشدەکرێت بەپێی بەشە پیشەییەکان.

**پێنجەم:** نمرەی تاقی کردنەوەکانی پیشەیی وەک نمرەی بابەتەکانی دیکە هەژمار دەکرێت.

**ماددەی (٩٢): پیشانگەی پەروەردەی پیشەیی بەم شێوەیە ڕێکدەخرێت:**

**یەکەم:** چوار ساڵ جارێک پێشانگە لەسەر ئاستی هەرێم دەکرێتەوە.

**دووەم:** ساڵانە پێشانگە لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە بکرێتەوە لە کاتی گونجاودا.

**سێیەم:** دابینکردنی هۆڵێک لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکان و هەموو تایبەتمەندییەکانی پێشانگەیی تیادا بێت بتوانرێت بەرهەمی ساڵانەی تیادا کۆبکرێتەوە.

**چوارەم:** پەروەردەی پیشەیی قوتابخانەکان دەتوانن بەرهەمەکانیان لە چالاکی قوتابخانەکانیان نمایش بکەن بەمەرجێک کارنەکاتە سەر لاوازکردنیان لە پێشانگەی ساڵانە بە ئاگاداری سەرپەرشتیار.

**پێنجەم:** لێژنەی تایبەت بۆ سەرپەرشتی کردنی پێشانگەیی ساڵانە لە سەرەتای ساڵی خوێندن دروست بکرێت کارەکانیان بریتی بێت لە دانانی پلان و دیار کردنی کات و شوێن و پێداویستی هۆڵەکە و دابینکردنی خەرجی پێویست.

**شەشەم:** بەپێی ڕێنماییەکان لە فرۆشگەی قوتابخانەکان پێداویستیەکانی پەروەردەی پیشەیی دیاریدەکرێت.

**حەفتەم:** داهاتی پێشانگەی پەروەردەی پیشەیی بۆ قوتابخانە بەشداربووەکان دەبێت بەپێی ڕێنماییەکان.

**هەشتەم:** لێژنەی هەڵسانگاندن بەسێ پلەی جیاواز (نایاب – زۆر باش – باشە) هەڵسەگاندن بکرێت لە پێشانگا لەسەر ئاستی هەرێم و ئاستی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە.

**نۆیەم:** لێژنەی هەلسەنگاندن بۆ پێشانگە لەسەر ئاستی هەرێم: لە نوێنەری وەزارەتی پەروەردە وبەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکانی بەشداربوو لە کەسانی بەئەزموون و پسپۆر پێک دێت.

**دەیەم:** بەرێوەبەری فێرکردنی پیشەیی لە وەزارەت سەرۆکی لێژنەکە دەبێت.

**یازدەیەم:** ئەندامەکان بەهەمەهانگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکان دادەنرێن.

**دوازدەیەم:** لێژنەکە بنەماکانی هەڵسەنگاندن بەشێوەی فۆرمێک دیاری دەکات و بەشداربووان لە بنەماکانی ئاگادار دەکرێنەوە.

**بەشی چواردەیەم**

**ناوەندی فێرکردن و ڕاهێنانی پیشەیی ناحکومی**

**ماددەی (٩٣):**

پێویستە بەشدار بووانی خولەکانی فێرکردن و ڕاهێنانی پیشەیی ناحکومی تەمەنیان لە (٦) ساڵ کەمتر نەبێت وماوەی خولەکان لەیەک ساڵ تێپەر نەکات.

**ماددەی (٩٤):**

**یەکەم: ئەو بەشانەی مۆڵەتیان پێدەدرێت:**

أ- بەشی فێرکردن :

١- زمانەوانی .

٢- خولی بەهێزکردنی بابەتەکانی خوێندن.

٣-فێرکردنی زانستی ( بەڕێوەبردن وئابووری – ژمێریاری – راوێژکاری – گەشەپێدانی مرۆیی – پەرەپێدانی توانای ئەندازیاری وهەر خولێکی دیکەی فێرکردن).

٤- فێرکردنی بەرنامەکانی کۆمپیوتەر.

٥- هەر بەشێکی تری زانستی بەپێی پێویست.

ب- بەشی پیشەیی : ئەم بەشانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:

١- چاککردنەوەی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان.

٢- چاککردنەوەی ئامێرە کارەباییەکان.

٣-جوانکاری ژنان و پیاوان و قژبڕین (سەرتاشین).

٤- دیزاین و دروومان.

٥- خولی (وەرزشی – سینەمایی – چاککردنەوی ئۆتۆمبێل).

٦-هەر پیشەیەکی دیکە گونجاو بێت لەگەڵ خواستی بازاڕ.

**دووەم:** هەموو ئەو پیشانەی کە ئاماژەیان پێ کراوە پێویستە شوێنی کرداری و کەل وپەلی راهێنانیان هەبێت یان گرێبەستی لەگەڵ شوێنیک هەبێت کە گونجاو بێت لەگەڵ پسپۆریەکەی لە دەرەوەی پەیمانگە.

**ماددەی (٩٥): بەشی کارگێری مامۆستایان پێک دێت لە :**

**یەکەم:** بەڕێوبەر:

أ- بەڕێوبەری بەشی فێرکردن پێویستە دەرچوی زانکۆ بێت و فەرمانبەری میری نەبێت.

ب- بەڕێوبەری بەشی پیشەیی دەرچووی پەیمانگەی تەکنیکی یاخود ئامادەیی پیشەیی کەمتر نەبێت بەپێی بڕوانامەی بەژداربوونی لە پسپۆرییەکەی و فەرمانبەری میری نەبێت.

**دووەم** :مامۆستا:

أ- مامۆستا لە بەشی فێرکردن پێویستە دەرچووی زانکۆ بێت، پێویستە لە (٥٠٪) پەنجا لە سەدی مامۆستایان فەرمانبەری میری نەبن.

ب- مامۆستا لە بەشی پیشەیی دەرچووی پەیمانگەی تەکنیکی یاخود ئامادەیی پیشەیی کەمتر نەبێت یاخود بڕوانامەی بەژداربووی لە پسپۆرییەکەی هەبێت.

پ- پێویستە (٥٠٪) پەنجا لەسەدی مامۆستایان فەرمانبەری میری نەبن، و سەبارەت بەو مامۆستایانەی فەرمانبەری میرین پێویستە ڕەچاوەی بەندی (دووەم) لە ماددەی ١٣٠ لە یاسای پەروەردە وفێرکردن ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ بکرێت.

**سێیەم:** کارمەندان: دەرچوویەکی ئامادەیی پیشەیی پێویستە گرێبەستی دامەزراندنی بۆ کرابێت لە بەشی یاسایی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە یان لە لای دادنووس.

**ماددەی (٩٦): ئەو تۆمارانەی پێویستە لە ناوەند هەبێت:**
أ- تۆماری میلاک.
ب- تۆماری داهات.
پ- تۆماری بەشداربووانی خول.
ت - تۆماری وانەکان.
ج- تۆماری سەردانی لێژنەکانی سەرپەرشتیکردن.
چ- زانیاری کەسی (سیڤی میلاکی ناوەندی ڕاهێنان).
**ماددەی (٩٧): ئەو لایەنانەی دەتوانن ناوەند بکەنەوە:**
**یەکەم:** هەموو هاوولاتیەک مافی کردنەوەی ناوەندی هەیە بەپێی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە:
أ- ناسنامەی ژووری بازرگانی هەبێت.
ب- سزا نەدرابێت بە تۆمەتی بەدڕەوشتی کۆمەڵایەتی و تیرۆر.
پ- فەرمانبەری میری نەبێت.
**دووەم:** هەرخاوەن کۆمپانیایەکی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان بۆی هەیە داوای کردنەوەی ناوەند بکات کە مۆڵەتی کۆمپانیاکەی نوێ کرابێتەوە.
**سێیەم:** خاوەن قوتابخانە ناحکومیەکان بۆیان هەیە داوای مۆڵەتی کردنەوەی ناوەند بکەن بە مەرجێ شوێن و دەرگای جیاواز بێت لەگەڵ قوتابخانە.
**ماددەی (٩٨):**
پاڵپشت بەماددەی (١٦٣) لە یاسای پەروەردە وفێرکردن ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ رسوماتی پێدانی مۆڵەت بەم شێوازەی خوارەوە دەبێت:
أ- رەسمی مۆڵەت پێدانی هەر بەشێک بۆ هاوولاتیانی عێراقی (٤٠٠,٠٠٠) چوار سەد هەزار دینارە و نوێکردنەوەی ساڵانە بۆ هەر بەشێک (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار دەبێت.
ب- رەسمی مۆڵەت پێدانی هەر بەشێک بۆ کەسی بیانی (٧٠٠,٠٠٠) حەفت سەد هەزار دینارە و نوێکردنەوەی ساڵانە بۆ هەر بەشێک (٣٥٠,٠٠٠) سێ سەد و پەنجا هەزار دینار دەبێت.
پ- ئەو بڕە پارانەی وەردە گیرێت بەپێی پسولەی (٣٧أ) دەبێت، و دەکرێتە داهات بۆ گەنجینەی حکومەت.
**ماددەی (٩٩):**
هیچ کەس ولایەنێک بۆی نیە ناوەند بکاتەوە بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت لە لایەنی پەیوەندار.
**ماددەی (١٠٠): مەرج وریکارەکانی پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی ناوەند بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**
**یەکەم:** پێویستە کەسی داواکار ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت:
أ- فەرمانبەری میری نەبێت.
ب- سزا نەدرابێت بە تاوانی ئابڕووبەر یان تیرۆر.
**دووەم:** داواکاری لە لایەن کەسی داواکار پێشکەش بکرێت بە بەرێوەبەرایەتی فێرکردنی پیشەیی لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا، بەپێی فۆرمی ژمارە (١)، کە ئەم پێداویستیانەی لەگەڵ هاوپێچ کرابێت:
أ- ناسنامەی ژووری بازرگانی داواکارکە ماوەکەی بەسەر نەچووبێت.

ب- ڕەگەزنامە وناسنامەی باری شارستانی (کارتی نیشتمانی) و کارتی زانیاری/ ئەگەر بیانی بوو پاسەپۆرت و پشتگیری نشینگە لە لایەنی پەیوەندیدار لەگەڵ (٢) وێنەی ڕەنگا وڕەنگ.
پ- ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی (ئاسایش – تەندروستی – باج و دەرامەت – شارەوانی– نەهێشتنی تاوان (پەنجە مۆر) – دەستەبەری کۆمەڵایەتی – بیناسازی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا – بەرگری شارستانی).
ت- گرێبەست یان تاپۆی موڵکداری باڵەخانەی ناوەندەکە، کە رووبەری بیناکە لە (٢٠٠)م کەمتر نەبێت وشوێنەکەی گونجاو بێت.
ج- بەڵێن نامە لە لای (دادنووس) یاخود لە بەڕێوەبەرایەتی یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا کە فەرمانبەر نەبێت لە هیچ دام و دەزگایەکی حکومی.
چ- (خطاب ضمان) لە بەنکێکی باوەڕپێکراو لە ناو هەرێمی کوردستان بەبڕی (١٥، ٠٠٠، ٠٠٠) پازدە ملیۆن دینار بۆ عێراقی وە بڕی (٣٠، ٠٠٠، ٠٠٠) سی ملیۆن دینار بۆ بیانی بۆ هەر ناوەندێك.
ح- بڕوانامەی مامۆستایانی وانەبێژ باوەر پێ کراو بێت بەپێی پسپۆری.
خ- ناوی پرۆگرام کە گونجاو بێت لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتییەکان و دوور بێت لەتوندوو تیژی ئاینی و فکری و سیاسی، کە ڕاستاندنی بۆ کرابێت لەلایەن بەشی یاسایی پەروەردەکان.
د- ئاماری مامۆستایان و فەرمانبەران (بڕوانامەکانیان+سی ڤیەکانییان).
ر- ڕاپۆرتی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا (سەبارەت بە گونجاوی ناوەندی ڕاهێنان بۆ کردنەوە)، وپێویستە بەڕێوەبەری فێرکردنی پیشەیی سەرۆکی لێژنەکە دەبێت ، و نابێت لێژنەکە لە (٣) ئەندام کەمتر بێت.

**سێیەم:**

أ- داواکاری پێدانی مۆڵەت لەگەڵ هاوپێچەکان و ووردبینی بۆ دەکرێت لە لایەن لیژنەی باڵای مۆڵەتی ناوەند لە وەزارەت، کە پێویستە لەماوەیەک زیاتر نەبێت لە (٣٠) ڕۆژ لە رێکەوتی وەرگرتنی داواکارییەکە وردبینیەکە تەواو بکات.
ب- ئەگەر کەموکوڕی لە دواکارییەکە هەبێت ئەوە لیژنەی باڵا داواکارییەکە رەت دەکاتەوە لەگەڵ دیارکردنی هۆکارەکان.
پ- ئەگەر هیچ کەموکوری لە داواکارییەکە بەدی نەکرا ئەوا داواکارییەکە و ڕاپۆرتی لیژنەکە بەرزدەکرێتەوە بۆ وەزیر بەمەبەستی پێدانی مۆڵەت.
ت- وەزیر پێویستە بڕیار بدات لەسەر پێدان یان پێنەدانی مۆڵەت لە ماویەک کە لە (٣٠) رۆژ زیاتر نەبێت.
ج- ئەگەر وەزیر بڕیاریدا بە پێنەدانی مۆڵەت ئەوا پێویستە هۆکارەکان دیار بکرێت و بڕیاری وەزیر شیاوی تانەلێدانە بەپێی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شوورا.

**ماددەی (١٠١): نوێکردنەوەی مۆڵەتی ناوەند بەپێی فۆرمی ژمارە (٢) دەبێت کە وێنەیەکی هاوپێچە:**

**یەکەم:** خاوەنی ناوەند پێش تەواو بوونی مۆڵەتەکەی، بە (٩٠) ڕۆژ پێویستە داواکاری نوێکردنەوەی مۆڵەت پێشکەش بە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەرورەردەی پارێزگا بکات.مۆڵەتەکەی بۆ ماوەی (٢) ساڵ نوێ بکاتەوە. ڕەزامەندی ئەم لایەنانەی لە فۆرمی ژمارە (٢) هاتووە بەدەست بێنێ. لە کاتی سەردانی لیژنە

بۆ ناوەند بەپێی فۆرمی ژمارە (٥) هەڵسەنگاندن لە ڕێژەی ٦٠٪ کەمتری بەدەست هێنا پێویستە نوێکردنەوەکە دوا بخرێت تاوەکو چاکسازی ئەنجامدەدات بەپێی پێوەرەکان کە لەو فۆرمەدا هاتووە.

**دووەم:** ئەگەر هاتوو داواکار لە ماوەی دیاریکراو، کە لە خاڵی سەرەوە ئاماژەی پێیکراوە، پێداویستیەکانی نوێکردنەوەی تەواو نەکرد، بەبێ پاساوی ڕەوا بەندی (یەکەم) لە ماددەی (١٤٩) لە یاسای پەروەردە وفێرکردن لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٢٢ لەسەری جێبەجێ دەکرێت.

**سێیەم:** لە دوای تەواوبوونی مۆلەت وئاگادارکردنەوەی لەلایەن لیژنەی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە، ئەگەر داواکار لە ماوەی (٦٠) شەست ڕۆژ لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەی پابەند نەبوو بە ئەنجامدانی ڕێکارەکانی نوێکردنەوەی مۆلەت بەبێ بوونی پاساوی ڕەوا، ئەوا مۆلەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی(١٠٢):**

هەر خاوەن ناوەندێکی مۆڵەتپێدراو مافی هەیە لقی نوێی ناوەندی ڕاهێنان بکاتەوە بە هەمان ناوی ناوەندی مۆڵەتپێدراو بە مەرجێ سەرجەم ڕێکارو بەڵگەنامەی کردنەوەی ناوەند ڕەچاو بکرێت وەک لە پێدانی مۆڵەتدا هاتووە جگە لە پێداویستیەکانی خاوەنی ناوەندەکە.

**ماددەی (١٠٣):**

هەر ناوەندێکی مۆڵەتپێدرا بۆی هەیە بەشی نوێ بکاتەوە کە گونجاو بێت لەگەڵ بەشەکانی دیکەی مۆڵەتپێدراو بەپێی ڕێنمایی کار پێکراو .

**ماددەی (١٠٤):**

**یەکەم:** خاوەنی ناوەند بۆی هەیە داواکاری پێشکەش بە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا بکات بۆ هەڵپەساردنی ناوەندەکەی تەنها بۆ ماوەی (٢) ساڵ بەبێ ئەوەی داواکاری هەڵوەشانەوەی هەڵپەساردنەکەی بکات .

**دووەم:** (٣٠) سی رۆژ پێش تەواو بوونی مۆڵەتی هەڵپەساردنەکەی پێویستە داواکاری کردنەوەی ناوەند پێشکەش بکات.

**سێیەم:** گشت ڕێکارەکانی نوێکردنەوە لەکاتی کۆتایی هاتنی مۆڵەتەکەی بەسەر جێبەجێدەکرێت بەپێی فۆرمی ژمارە (٢).

**چوارەم:** خاوەنی ناوەند بۆی هەیە داوای داخستنی ناوەندەکەی بکات بەیەکجارەکی بە مەرجێ کۆتایی بەهەموو ئەو خولانە هێنابێت کە کردوویەتیەوە.

**ماددەی (١٠٥):**

**یەکەم:** دەکرێت خاوەندارییەتی ناوەند بگوازرێتەوە بۆ کەسێکی دیکە کە هەموو مەرج ورێنماییەکانی پێدانی مۆڵەتی ناوەندەکەی هەبێت بەپێی فۆرمی ژمارە (٣) کە وێنەیەکی هاوپێچە.

**دووەم:** پێویستە ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار وەربگیرێت بۆ گواستنەوەی خاوەندارییەتییەکە.

**ماددەی (١٠٦):**

بەمەبەستی گواستنەوەی شوێنی ناوەندی مۆڵەتپێدراو بۆ باڵەخانەیەکی نوێ پێویستە گرێبەست یان تاپۆی باڵەخانەی نوێ لەگەڵ ڕەزامەندی ئەم لایەنانەی خوارەوە بەدەست بێنێت:-

**یەکەم:** لێژنەی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا.

**دووەم:** ئاسایش.

**سێیەم:** تەندروستی.

**چوارەم:** بەرگری شارستانی.

**پێنجەم:** شارەوانی.

**ماددەی (١٠٧): خاوەنی ناوەند پێویستە ئەم ئەرکانەی خوارەوە جێبەجێ بکات:**

**یەکەم:** نابێ ناوی هیچ وڵاتێک یان ناوەندێکی ڕاهێنانی بیانی بەکاربێت ئەگەر ڕەزامەندی لە سەرچاوەی دایکەوە نەبێت.

**دووەم:** نابێت ناوی ناوەندەکە دووبارە بکرێتەوە تەنها ئەگەر لقێک نەبێت لە ناوەندی دایک.

**سێیەم:** نابێت مەشق لە پیشەیەک دا بکرێت کە جیاوازبێت لەوەی لە ناوەرۆکی مۆڵەتەکەدا هاتووە.

**چوارەم:** لەیەک پەیمانگەدا کە مۆلەتی وەرگرتووە هەر بەشێکی تازە کرایەوە دەبێ مامەڵەی بەشی تازەی لەگەڵ بکرێت.

**پێنجەم:** پێویستە تابلۆی ناوەند تەنها بەپێی فۆرمی ژمارە (٦) بێت کە هاوپێچ بەم ڕێنماییە.

**ماددەی (١٠٨): داخستنی ناوەند بەم شێوەیە دەبێت:**

**یەکەم:** ئەگەر پابەندی یاسا ورێنماییەکانی ناوەندی فێرکردن و ڕاهێنانی پیشەیی نەبوو ئەوا بە پێی راپۆرتی لێژنەی ناوەندە پیشەییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاوەو لە وەزارەت فەرمانێکی وەزاری داخستنی بۆ دەر دەکرێت.

**دووەم:** ناوەندەکە دادەخرێت ئەگەر کاری بەد ڕەوشتی یاخود حزبی و ئاینی یان هەر کارێکی دیکە کە پێچەوانەی ئەو ئامانجە پەروەردەییانە بێت ئەنجامبدات کە ناوەندەکەی لە پێناو دامەزراوە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.

**سێیەم:** (١) ساڵ زیاتر تێپەربێت بەسەر مۆڵەتەکەی بەبێ ئەوەی نوێ بکاتەوە.

**چوارەم:** ئەگەر خاوەنی ناوەند پابەند نەبێت بە ئەرکەکانی هاتوو لە ماددە (١٠٧)ی ئەم ڕێنماییە، ئەوا ئاگادار دەکرێتەوە لەلایەن لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان کە لە ماوەی (٣٠) رۆژ ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، ئەگەر پابەند نەبوو بە ناوەرۆکی ئاگادارکردنەوەکە، ئەوا ناوەندەکە مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە بە بڕیاری وەزیر.

**ماددەی (١٠٩):**

لە کاتی ئەنجامدانی یەکێك لەم سەرپێچییانەی خوارەوە سەرپێچیکار سزا دەدرێت بەپێی حوکمەکانی ماددە (١٤٩) لە یاسای پەروەردە و فێرکردن ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٢:

**یەکەم:** کردنەوەی ناوەند و ڕێکلام کردن بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت.

**دووەم:** زێدەکردنی بەش بەبێ مۆڵەت.

**سێیەم:** کردنەوەی لقێکی دیکەی ناوەند بەبێ مۆڵەت.

**چوارەم:** گواستنەوی شوێنی ناوەند بەبێ ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە / بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی پیشەیی.

**پێنجەم:** داخستنی ناوەند لەلایەن خاوەنەکەی بەبێ پاساوی ڕەوا.

**ماددەی (١١٠):**

بەمەبەستی سەرپەرشتیکردن وبەدواداچوونی کاری ناوەندی فێرکردن وڕاهێنانی پیشەیی ئەم لیژنانە پێکدێن:

**یەکەم:** لیژنەی باڵای مۆڵەتی ناوەند لە وەزارەت کە ئەرکەکانی بریتین لە:-
أ- پێشنیاری هەموارکردنەوەی ڕێنماییەکان.
ب- ووردبینی مامەڵەکانی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەت.
پ- سەردانیکردنی ناوەندەکان هەر (٦) مانگ جارێک.
ت - بە دواداچوونی ڕاپۆرتی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا.
ج- هەرکارێکی دیکە کە پێویستی بە بەدواداچوون هەبێت.
**دووەم:** لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان کە ئەرکەکانی بریتین لە:
أ- هەڵسەنگاندنی ناوەند بەپێی فۆرمی ژمارە (٥)ی هەڵسەنگاندن .
ب- سەرپەرشتیکردنی کارگێری ناوەندەکانی سنووری پەروەردەکەی.
ت- پشکنینی ناوەندەکان پێش وەرگرتنی مۆڵەت بەپێی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە.
ج- پێشنیازی پێکهێنانی لیژنەکانی لێکۆڵینەوە.
چ- بەدوا داچوونی ناوەندەکان و سەردانیکردنیان و بەرزکردنەوەی راپۆرت بۆ وەزارەت.
ح- بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت (٦) مانگ جارێک بە پێی فۆرمی ژمارە (٧) بۆ لیژنەی باڵا.

## بەشی پازدەیەم
## پرۆژەکانی بەرهەمهێنان لە خوێندنگە و پەروەردە پیشەییەکان

**ماددەی (١١١):**
**یەکەم:** خوێندنگەی پیشەیی پرۆژەی بەرهەمهێنانی تێدا جێبەجێدەکرێت لەئەگەری دابینکردنی سەرجەم پێداویستییەکان.
**دووەم:** ئەم پرۆژانە لەلایەن کارگێڕی خوێندنگە هەڵدەبژێردرێن بە لەبەرچاوگرتنی ئەگەری جێبەجێکردنیان و ڕاهێنانی خوێندکاران لەڕێگەیانەوە بەمەبەستی دابینکردنی کارامەیی و کارامەیی زانستی.
**سێیەم:** خوێندنگەی پیشەیی دەتوانێت باڵەخانەو وەرشەکانی و کێڵگە کشتوکاڵییەکان و ئامێر و هەر داهات و سامانێکی دیکە کە گونجاو بێت بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی بەرهەمدار بەکاربهێنێت بەمەرجێک پارێزگاری لەو داهات و سامانانە بکات و پارێزگاریکردنیان مسۆگەر بکات.
**چوارەم:** خوێندنگە پیشەییەکان دەسەڵاتی گرێبەستکردنیان هەیە لەگەڵ کەسان و دەزگاکانی دیکەی دەرەوەی وەزارەتی پەروەردە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی بەرهەمهێن بەپێی یاداشتی لێک تێگەیشتنی هەردوولا کە لە کاتی جێبەجێکردن بەبەشداری بەشی یاسایی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سنووری خۆیان ڕێکدەخرێت، بەپێی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان.
**پێنجەم:** خوێندنگە پیشەییەکان دەتوانن بەرهەمەکانیان بفرۆشن بە ئەنجامدانی پێشانگا یان بە ڕێگەی دیکە کە کارگێڕی خوێندنگە بە گونجاو و یاسایی بزانێت و ژمێریاری تایبەت بۆ ئەم مەبەستە ڕێکبخرێت.
**شەشەم:** قازانجی پرۆژە بەرهەمدارەکان دابەش دەکرێت بەسەر فەرمانبەرانی خوێندنگە (خوێندکار ومامۆستا و فەرمانبەر)، و بەشێکی تەرخاندەکرێت بۆ پەرەپێدانی خوێندنگە و چاککردنەوەی باڵەخانە و کڕینی کەلوپەل و ئامێرەکان .

**حەوتەم:** بودجەیەکی تایبەت تەرخان دەکرێت کە وەک پێشینە دەدرێت بەو خوێندنگە پیشەییانەی کە پرۆژەی بەرهەمهێنانیان هەیە دوای پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵ و دەرختەی پێویست.

**ماددەی (١١٢):**

دوای دەرکردنی تێچوی پرۆژەی بەرهمهێنان، دابەشکردنی قازانج بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم:** (٢٥٪) لە سەدا بیست و پێنج سەرجەمی قازانجەکان وەك سەرمایە بکرێت بە (حیسابی جاری) بۆدابینکردنی پێداویستیەکانی خوێندنگەکە.

**دووەم:** (١٠٪) لە سەدا دە سەرجەمی قازانجەکان بۆ سەرجەم لێژنەکان دەبێت.

**سێیەم:** (٥٥٪) لە سەدا پەنجا و پێنج سەرجەمی قازانجەکان بۆ بەشداربووان (قوتابییان وماموستایان وهاوبەشان) دەبێت.

**چوارەم:** (١٠٪) لە سەدا دە سەرجەمی قازانجەکان بۆ سوانی ئامێرەکان تەرخان دەکرێت.

**ماددەی (١١٣): کارگێڕی پرۆژە پێکدێت لە:**

**یەکەم:** بەڕێوەبەری خوێندنی پیشەیی.

**دووەم:** یاریدەدەری هونەری .

**سێیەم:** سەرۆکی بەش.

**چوارەم:** مامۆستای پیشەیی.

**پێنجەم:** خوێندکاری خوێندنگە و و قوتابی پەروەردەی پیشەیی.

**شەشەم:** هاوبەشان و سەرمایەداران لە پرۆژەکانی بەرهەمهێنان.

**ماددەی (١١٤): لیژنەکانی پرۆژەکانی بەرهەمهێنان بەم شێوەیەیە:**

**یەکەم:** لیژنەی بەدواداچوون وسەرپەرشتی بەرهەمهێنان (لیژنەی باڵا):

أ- ئەم لیژنەیە لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی پێکدەهێنرێت، وپێکدێت لە:

١- یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی پارێزگا یا ئیدارەی سەربەخۆ/ سەرۆك.

٢- بەڕێوەبەری خوێندنی پیشەیی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی/ ئەندام.

٣- بەڕێوەبەری ژمێریاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی/ ئەندام.

٤- بەڕێوەبەری ووردبینی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی/ ئەندام.

٥- بەڕێوەبەری بەشی یاسا لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی/ ئەندام.

ب- ئەرکی لیژنەی سەرەوە بریتیە لە پاکتاوکردنی ژمێریاری و پرۆژە پیشەییەکان و بەدواداچوون و سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی بەرهەمهێنان.

**دووەم:** لیژنەی پلاندانان و جێبەجێکردن (لیژنەی فەرعی):

**أ-** ئەم لیژنەیە لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی پێکدەهێنرێت لەمانەی خوارەوە:

١- بەڕێوەبەری ئامادەیی پیشەیی/ قوتابخانەی بنەڕەتی- پەروەردەی پیشەیی/ سەرۆك.

٢- یاریدەدەری هونەری / ئەندام.

٣- سەرۆکی بەشی بەشداربوو لە بەرهەمهێنان / ئەندام.

٤- فەرمانبەرێکی ژمێریاری لە خوێندنگە یان لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سنووری قەزاکە/ ئەندام.

٥- فەرمانبەرێك لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سنووری قەزاکە/ ئەندام.
ب- ئەرکی لیژنەی سەرەوە بریتیە لە دانانی پلانی پێشوەختە بۆ پرۆژەی بەرهەمهێنان وجێبەجێکردنی پڕۆژەکان و بەرزکردنەوەی یاداشت سەبارەت بەپرۆژەکان بۆ لیژنەی باڵا.
**سێیەم:** لیژنەی کڕین :
أ- لێژنەی کڕین لەلایەن بەڕێوەبەر لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێکدەهێنرێت:
١- یاریدەدەری هونەری / سەرۆك.
٢- سەرۆك بەشی بەشداربوو لە پڕۆژە / ئەندام.
٣-ژمێریار لە قوتابخانە و خوێندنگە یان فەرمانبەرێکی ژمێریاری لە سنووری پەروەردەی قەزاکە/ ئەندام.
٤- بەرپرسی کۆگا لە ئامادەیی پیشەیی/ پەروەردەی پیشەیی/ ئەندام .
٥- هاوبەش لە کارە پیشەییەکە یان مامۆستایەکی پیشەیی بەشداربوو لە پڕۆژەکە/ ئەندام.
**ب-** ئەرکی لیژنەی سەرەوە بریتییە لە ئەنجامدانی کاروباری تایبەت بە کڕینی کەل وپەلی پێویست بۆ پڕۆژەی بەرهەمهێنان.
**چوارەم:** لێژنەی نرخدانان وفرۆشتن:
أ- لیژنەی نرخدانان و فرۆشتن لە لایەن سەرۆکی لێژنەی سەرپەرشتیکردنەوە دیاری دەکرێت کە نابێت هەمان ئەو کەسانە بن کە ناویان لە لێژنەی کڕیندا هاتووە و دەبێت کەسەکان ئەندامانی بەشداربووی ناو پڕۆژەکە بن. لێژنەی سەرپەرشتیکردن دەستکراوە دەبێت لە فرۆشتنی بەرهەمەکان لە هەر قۆناغێکدا بێت کە لە بەرژەوەندی پڕۆژەکە بێت.
ب- ئەرکی لیژنەی سەرەوە بریتییە لە دەرهێنانی بەرهەمەکانی پرۆژە بەپێی پسوولەی ڕێکخراو و دانانی نرخی گونجاو بۆ بەرهەمەکان و ئەنجامدانی کاروباری تایبەت بە فرۆشتنی بەرهەمەکان.

**ماددەی (١١٥): سەرچاوەی دارایی پڕۆژەکانی بەرهەمهێنانی پیشەیی ئەمانەی خوارەوەن:**

**یەکەم:** تەرخانکراوەکانی بودجەی گشتی.
**دووەم:** دابینکردنی پێشینە بەبڕی ئەو پارانەی پێویستن لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە یا وەزارەت بۆ یەك ساڵی خوێندن کە دەشێت درێژ بکرێتەوە.
**سێیەم:** بەشداربووانی پڕۆژەکانی بەرهەمهێنانی پیشەیی کە هەموو بودجەی پێویست دابین دەکەن، لەم بارەدا پێویستە (٢٥٪) لە سەدا بیست و پێنج قازانج کە دانراوە بۆ حیسابی جاری خوێندنگە بخرێتە سەر (٥٥٪) لە سەدا پەنجا وپێنج قازانج بۆ بەشداربووان.
**چوارەم:** کۆمپانیایەك یا وەبەرهێنەرێك کە دەیەوێ وەبەرهێنان بکات بە مەرجێك دژ بە ڕێنمایی بەرهەمهێنانی پیشەیی نەبێت، و لەم کاتەدا پێویستە ڕێژەی قازانجی وەبەرهێنەرەکە لەلایەن لیژنەی باڵا دیار بکرێت.

**ماددەی (١١٦):**

**یەکەم:** بەشداربووانی پڕۆژە ئەمانەی خوارەوەن:
أ- ئەندامانی کارگێری و دەستەی فێرکردن لە پسپۆڕانی هونەری و ئیداری پێویست.
ب- قوتابیان و خوێندکارانی قوتابخانە کە کارگێری ژمارەیان دەستنیشان دەکات.
**دووەم:** هەموو بەشداربووان پێویستە گرێبەستیان لەگەڵ ئەنجامبدرێت کە ماف وئەرکەکانیان تێدا دیاربکرێت.

**ماددەی (١١٧):**

**یەکەم:** لیژنەی پلاندانان و جێبەجێکردن (لیژنەی فەرعی) بەرهەمهێنان بەدواداچوونی جێبەجێکردنی کارەکان دەکات لە هەموو قۆناغەکاندا وچالاکی هەر بەشداربوویەك بە شێوەیەکی تاکە کەسی دیاری دەکات، وهەنگاوی پێویست سەبارەت بە بەڕێوەچوونی پرۆژەکە دەردەکات و یاداشتی تایبەت بەکەمتەرخەمییەکە و دیارکردنی لایەنی کەمتەرخەم دیار دەکات و یاداشتەکە بەرزدەکاتەوە بۆ لیژنە.

**دووەم:** پاڵپشت بە یاداشتەکە لیژنەی باڵا ڕێکاری پێویست دەگرێتەبەر بەم شێوەی خوارەوە:

أ- ئاگادارکردنەوەی لایەنی کەمتەرخەم.

ب- کەمکردنەوەی ڕێژەی قازانجی لایەنی کەمتەرخەم بەپێی کەمتەرخەمییەکەی.

ت- دوورخستنەوەی لایەنی کەمتەرخەم لە پرۆژەکە و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی.

**سێیەم:** بڕیاری لیژنەی باڵا شیاوی تانەلیدانە بەپێی حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان.

**ماددەی (١١٨):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**ئالان حمە سعید صالح**
**وەزیری پەروەردە**

**فۆرمی (١)**

(پێداویستیەکانی کردنەوەی پەیمانگەی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی)

* ناوی پەیمانگە (                ) لقی :- ☐ فێرکاری ☐ پیشەیی

*بەشەکانی پەیمانگە (                )

* ناوی خاوەن پەیمانگە (                ) .

*ناوی بەڕێوەبەری پەیمانگە (                ) / بڕوانامە (                ).

١- نوسراوی ب.گ.پەروەردەی (                ) بە ژمارە (                ) لە (     /     /٢٠٢٢).

٢- داواکاری پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی پەیمانگە: ڕێکەوتی (     /     /     ).

٣- پێداویستی خاوەن پەیمانگە (ناسنامەی ژووری بازرگانی / کارتی زانیاری / ڕەگەز نامە/ ناسنامەی باری شارستانی یان (کارتی نیشتمانی) /(٢ وێنە) /بۆ بیانی پاسەپۆرت (جواز السفر/ناسنامەی نیشنگە (الاقامة).

٤- ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی ( ئاسایش / تەندروستی / باج و دەرامەت / شارەوانی / دەستەبەری کۆمەڵایەتی/ سەلامەتی پیشەیی / بەڵگەی نەهێشتنی تاوان (پەنجە مۆر) / بەرگری شارستانی).

٥- (عقد أیجار) یان تاپۆی بینا.

٦- بەڵێن نامە بۆ جێبەجێ کردنی ڕێنمایی لای داد نوس یاخود لە ب.یاسایی لە ب.گشتی پەروەردەی پارێزگا.

٧- بەلێن نامەی (خاوەن) و (بەڕێوبەر) کە فەرمانبەری میری نەبێت.

٨- (کفالة) بەبڕی (١٥,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار بۆ هاووڵاتی ناوخۆ بۆ بیانی (٣٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دنیار.

٩- لیستی ناوی مامۆستایان (بڕوانامە یان پشتگیری + cv) (کە ٥٠% دامەزراندنی حکومی بێت و ٥٠% وانەبێژ بێت) بۆ بیانی (پاسەپۆرت + جواز السفر + ناسنامەی نیشنگە (الاقامة) + (بروانامە گەر بە ئینگلیزی بێت پێویستە وەربگێرێت بۆ زمانی کوردی لای وەرگێری باوەر پێ کراو).

١٠- دامەزراندنی دەرچووی پیشەیی (پشگیری ئامادەیی + گرێبەستی دامەزراندن) لە بەشی یاسایی ب.گ.پ.پارێزگا.

١١- بەڵێن نامە لە (ب.گ.پ/ب.یاسایی) پابەند بوونی بە ناوەرۆکی ئەو پسپۆریەی دەیڵێتەوە گونجاو بێت لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتیەکان و دوور بێت لە توند و تیژی و ئاینی و فکری و سیاسی.

١٢- فۆرمی ژمارە (٥).

١٣- ڕاپۆرتی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە

واژووی پشکێنەر

ناو:

ڕێکەوت:     /     /٢٠٢

**فۆرمی (٢)**

(پێداویستیەکانی نوێکردنەوەی مۆڵەتی پەیمانگەی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی)

* ناوی پەیمانگە (                    ) لقی :- ☐ فێرکاری ☐ پیشەیی

* بەشەکانی پەیمانگە (                    )

* ناوی خاوەن پەیمانگە (                    ) .

* ناوی بەڕێوەبەری پەیمانگە (                    ) / بروانامە : (                    ).

١- نوسراوی ب.گ.پەروەردەی (                    ) بە ژمارە (                    ) لە (        /        /   ٢٠٢ ).

٢- داواکاری نوێکردنەوەی مۆڵەتی پەیمانگە: (        /        /        ) .

٣- ڕێکەوتی نوێکردنەوەی مۆڵەتی پەیمانگە: (        /        /        ) .

٤- گشت فەرمانە وەزاری یەکانی پەیمانگا لە وەرگرتن و نوێکردنەوە.

٥- بەڵێننامەی (خاوەن ) و ( بەڕێوبەر) کە فەرمانبەری میری نـەبێت.

٦- پـــاکانەی بـــاج و دەرامەت.

٧- (عقد أیجار) یان تــاپۆی بینـــا.

٨- ڕەزامەندی تەندروســتی.

٩- دامەزراندنی دەرچووی پیشەیی ( پشــگیری ئامادەیی + گرێبەستی دامەزراندن).

١٠- بەرگری شـــارســـتانی.

١١- دەســتەبەری کۆمەڵایەتی .

١٢- فۆرمی زانیاری (٥).

١٣- وکالە (بریکارنامە) بۆ جێ بەجێ کردنی مامەڵەی پەیمانگە لە کاتی ئامادەنەبوونی خاوەنی پەیمانگە.

١٤- ڕاپۆرتی لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە.

١٥- لیستی ناوی مامۆستایان (بڕوانامە یان پشگیری).

١٦- فۆرمی هەڵسەنگاندن.

١٧- ماوەی دواکەوتنی لە نوێ کردنەوەی (                    )

واژووی پشکێنەر

ناو:

ڕێکەوت:        /        /

**فۆرمی (٣)**

(پێداویستیەکانی گۆڕینی خاوەندارییەتی پەیمانگەی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی)

* ناوی پەیمانگە (                    ) لقی :- ☐ فێرکاری ☐ پیشەیی

* بەشەکانی پەیمانگە (                    )

* ناوی خاوەن پەیمانگەی ئێستا (                    ).

* ناوی بەرێوەبەری پەیمانگەی نوێ (                    ).

١- نوسراوی ب.گ.پەروەردەی (          ) ژمارە (          ) لە (   /   /   ).

٢- داواکاری گۆڕینی خاوەندارییەتی پەیمانگە: ڕێکەوتی (   /   /   ).

٣- پێداویستی خاوەن پەیمانگە (ناسنامەی ژووری بازرگانی / کارتی زانیاری / ڕەگەز نامە / ناسنامەی باری شارستانی / (کارت نیشتمانی) / (٢ وێنە) / بۆ بیانی پاسەپۆرت (جواز السفر / ناسنامەی نیشنگە - الاقامة).

٤- ڕەزامەندی ( ئاسایش / تەندروستی / باج و دەرامەت / بەڵگەی نەهێشتنی تاوان -پەنجە مۆر).

٥- (عقد إیجار) یان تاپۆی بینا.

٦- بەڵێن نامە بۆ جێبەجێ کردنی ڕێنمایی لای دادنووس.

٧- دەست هەڵگرتن لە مافی خاوەندارییەتی لای دادنووس یان بەشی یاسایی لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا.

٨- (کفالة) بەبڕی (١٥,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار بۆ هاووڵاتی ناوخۆ بۆ بیانی (٣٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار.

٩- ڕاپۆرتی لێژنەی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە.

واژووی پشکێنەر

ناو:

ڕێکەوت:   /   /٢٠٢٢

**فۆرمی (٤)**

پێداویستیەکانی گـۆڕینی خاوەندارییــەتی پەیمانگـەی فێرکـاری و پیشـەیی نـاحکومی بۆکۆمپانیـای پەروەردەیی

*ناوی پەیمانگە ( ) لقی:- ☐ فێرکاری ☐ پیشەیی

*بەشەکانی پەیمانگە ( )

* ناوی خاوەن پەیمانگەی ئێستا ( ).

*ناوی کۆمپانیا ( ).

١- نووسراوی ب.گ.پ( ) ژمارە ( ) لە ( / / ).

٢- داواکاری گۆڕینی خاوەندارییەتی پەیمانگە: ڕێکەوتی ( / / ).

٣- ژمارەی مۆڵەتی کۆمپانیا.

٤- پشگیری لایەنی پەیوەندیدار بە پێدانی مۆڵەتی پەیمانگە.

٥- ناسنامەی ژووری بازرگانی.

٦- دیاری کردنی بریکاری یاسایی لە لایەن کۆمپانیا بۆ ڕایکردنی کاروباری پەیمانگە.

٧- ڕەزامەندی بەڕێوابەرایەتی (ئاسایش / تەندروستی / باج و دەرامەت).

٨- (عقد إيجار) یان تاپۆی بینا.

٩- دەست هەڵگرتن لە مافی خاوەداریەتی لای داد نوس یان بەشی یاسایی لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە.

١٠- بەڵێن نامە بۆ جێبەجێ کردنی ڕێنمایی لای داد نوس.

١١- (کفالة) بەبڕی (١٥,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار بۆ هاووڵاتی ناوخۆ بۆ بیانی (٣٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار.

١٢- ڕاپۆرتی لێژنەی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە.

واژووی پشکێنەر

ناو:

ڕێکەوت: / /

**فۆرمی (٥)**

**-١-**

وەزارەتی پەروەردە

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی

(بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی پیشەیی)

(پەیمانگاکانی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی لە هەرێمی کوردستان )

( فۆرمی هەڵسەنگاندن ژمارە ٥)

١ - ب.گ.پ: ب.پ: ناوی پەیمانگە : ساڵی دامەزراندن : ناونیشانی ئەلکترۆنی :

٢ -ناوی خاوەن پەیمانگە: مۆبایلی خاوەن : ژ.ب. مۆڵەت :

٣ -ناوی بەڕێوەبەر: مۆبایل : بڕوانامە : پسپۆری :

٤- ناوی بەشەکانی مۆڵەت پێدراو :

٥ -ناوو نیشانی پەیمانگە

٦ -بەرواری سەردانەکانی لێژنەی هەلسەنگاندن : سەردانی یەکەم : سەردانی دووەم :

٧- ژمارەی مامۆستایانی میلاك (حکومی) ٥٠ % + وانە بێژ ٥٠%

| رەگەز | خۆماڵی(کوردستان ) | عیراقی جگە لە کوردستان | عەرەبی | بیانی | دامەزراوی حکومی | وانە بێژ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | | | | | | | |
| مێ | | | | | | | |
| کۆی گشتی | | | | | | | |

| بروانامە | خۆماڵی(کوردستان ) | عیراقی جگە لە کوردستان | عەرەبی | بیانی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| بروانامەی خول | | | | | |
| ئامادەیی | | | | | |
| دبلۆم | | | | | |
| بکالوریۆس | | | | | |
| ماستەر | | | | | |
| کۆی گشتی | | | | | |

٨- بڕوانامەی مامۆستایان (دامەزراوی حکومی + وانەبێژ):-

٩- ژمارە ی فەرمانبەران :-

| ڕەگەز | دەرچووی پیشەیی | فەرمانبەری کارگێری | هی تر |
|---|---|---|---|
| نێر | | | |
| مێ | | | |
| کۆ | | | |

فۆرمی هەڵسەنگاندنی پەیمانگەی فێرکاری پیشەیی ناحکومی / بەشی ☐ فێرکاری ☐ پیشەیی

-٢-

| ژ | بابەت | نمره | هەلسەنگاندن |
|---|---|---|---|
| ١ | بینای پە یمانگە/ مولك/ کریٚ/ گەر مولك بیٚت ١٠٠٪ بۆ دا دەنریٚت | ٥ | |
| ٢ | ڕووبەری پە یمانگە / چەند رووبەر گەورە تربیٚ نمرە زیاتر دەبیٚت | ٥ | |
| ٣ | بوونی هۆیەکانی بەرگری شارستانی | ٥ | |
| ٤ | رەچاوی جوولەی خاوەن پیٚداویستی تایبەت | ٥ | |
| ٥ | پاك و خاویٚنی و سروشتی پە یمانگە | ٥ | |
| ٦ | هەبوونی کافتریا | ٥ | |
| ٧ | بروانامەی بەریٚوەبەر بە پیٚی بروانامە نمرە سەردەکەویٚ | ٥ | |
| ٨ | بروانامەی مامۆستایان بە پیٚی بروانامە نمرە سەردەکەویٚ | ٥ | |
| ٩ | بوونی پلانی ساڵانە | ٥ | |
| ١٠ | بوونی تاقیگە یان هۆکارەکانی فیٚرکردن بۆ بەشی فیٚرکاری | ٥ | |
| ١١ | بوونی کەل و پەلی راهیٚنان و هۆیەکانی فیٚرکردن بۆ بەشەکانی پیشەیی | ٥ | |
| ١٢ | فریاگوزاری تەندروستی | ٥ | |
| ١٣ | بوونی وایت بۆرد داتاشۆ لە هۆڵەکان | ٥ | |
| ١٤ | پابەند بوون بە یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی | ٥ | |
| ١٥ | بوونی ژووری کارگیٚری | ٥ | |
| ١٦ | دانانی کامیرای چاودیٚری بۆ شویٚنە هەستیارەکان | ٥ | |
| ١٧ | بوونی دەرچووی پیشەیی لە ناو پە یمانگا وەك فەرمانبەر | ٥ | |
| ١٨ | هەبوونی تابلۆی پە یمانگە بە پیٚی ریٚنماییەکان ( لە فۆرمی ژمارە ٦ دیاری کراوە ) | ٥ | |
| ١٩ | هۆڵی خویٚندن بە پیٚی ریٚنمایی بۆ هەر فیٚرخوازیٚك ١,٥ م | ٥ | |
| ٢٠ | هەبوونی تۆمارەکان | ٥ | |
| | کـــۆی گشتـــی | ١٠٠ | کۆی گشتی |

چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند قوتابی و خوێندکاری پەیمانگە:

ڕات چیە بەرامبەر پەیمانگەی............ بە گشتی وە کارگێڕێ پەیمانگە، نرخی بەشداریکردن، پرۆگرامەکانی فێرکردن ، ئاستی مامۆستایان بڕوانامەی بەشداریکردن

| | | |
|---|---|---|
| ئەندام | ئەندام | سەرۆك لیژنە |
| ناو: | ناو: | ناو: |
| واژوو: | واژوو: | واژوو: |

ڕێکەوت:

**فۆرمی (٦)**

**تابلۆی پەیمانگەیی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی**

| لۆگۆی پەیمانگا | **حکومەتی هەرێمی کوردستان**<br>**وەزارەتی پەروەردە**<br>**بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی** ............<br>**پەیمانگای فێرکاری و پیشەیی ناحکومی ( )**<br>**ژمارەی مۆڵەت ( ) ساڵی ( ) دامەزراوە** | لۆگۆی وەزارەت |
|---|---|---|

١- بەزمانی کوردی له سەرەوە بنوسرێت وە لە هەمان کات ئازادن بەهەر زمانێکی تر بینوسن لە ژێرەوە.
٢- پانی تایتل (أ) مەتر و درێژییەکەی لە (٣) مەتر بچوکتر نەبێت.
٣- ڕەنگی تایتل سپی دەبێت وە بەڕەنگی ڕەش لەسەری دەنوسرێت.

**فۆرمی (٧)**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی ....................................

| ز | ناوی پەیمانگا | ناوی خول | ڕێککەوتی دەست پێکردنی خول | ژمارەی بەشداربوان | نێر | مێ | ڕێککەوتی کۆتایی خول |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | | | |
| ٢ | | | | | | | |
| ٣ | | | | | | | |
| ٤ | | | | | | | |
| ٥ | | | | | | | |
| ٦ | | | | | | | |
| ٧ | | | | | | | |
| ٨ | | | | | | | |
| ٩ | | | | | | | |
| ١٠ | | | | | | | |

**وەزارەتی تەندروستی**
**ژمارە: ٢٩٤٥٨ لە ٢٠٢٤/١١/١٩**

پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (حەوتەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ وماددەی (سییەم) بڕگەی (یەکەم) لە یاسای بەخشین و چاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨ بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :-

**ڕێنمایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**
**ڕێنمایی هەمووارکردنەوەی ڕێنمایی (بەخشین و چاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ)**
**ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٨**

**ماددە (١):**

( هەمووارکردنەوەی ماددەی (دووەم/ خاڵی ٢) لە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٨ بەم شێوەیەی خوارەوە:

٢- تەمەنی بەخشەری زیندوو لە (٢٢) ساڵ زیاتر بێت.

**ماددە (٢):**

زیادکردنی پێنج خاڵی نوێ بۆ ماددەی (چوارەم) لە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٨ بەم شێوەیەی خوارەوە:

٥- تەنها یەک کەس لە هەر خێزانێک دەتوانێ کاری بەخشین ئەنجامبدات.

٦- وەرگرتنی ڕەزامەندی دوو کەسی نزیکی بەخشەر لە ( پلەی یەک) بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری بەخشین و لە کاتی دایک یان باوک یان هەردووکیان لە ژیان نەمابێ یان جیابوونەی دایک و باوک بە فەرمی پێویستە دوو کەسی (پلە دوو) یان ئەو کەسەی کە بەپێی یاسا یان بە بڕیاری دادگا ڕێگەپێدراو بێت.

٧- پێویستە پشکنینی تایبەت بە ( ماددە هۆشبەرەکان) و ( کهول) ئەنجامبدرێت بۆ بەخشەر پێش پێدانی ڕەزامەندی و ئەنجامدانی نەشتەرگەری بەپێی یاسا ڕێنماییەکان و بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران.

٨- بەخشەر نابێت کەمئەندامی هەمیشەیی بێت ( مصاب بعاهة مستديمة حركية او عضوية او ذهنية) کە لێکەوتی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی لەسەر ئەم نەشتەرگەرییە هەبێت

٩- قەدەغەکردنی بەخشینی ئەندام لە لایەن ئەو ئافرەتانەی کە لە مێردەکانیان جیادەبنەوە و کچی پاکیزە (العذراء) بە مەبەستی قەدەغەکردن و نەهێشتنی بەخشینی زۆرەملێ ( التبرع بالاكراه).

**ماددە (٣):**

(هەمووارکردنەوەی ماددەی ( پێنجەم/ بڕگەی دووەم/ خاڵی ١ و ٢) لە ڕێنمایی ژمارە ( ٢)ی ساڵی ٢٠١٨ بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- لیژنەیەکی زانستی دەبێت لێکۆڵینەوە لە شیاوی کەسی بەخشەر دەکات لە ڕووی جەستەییەوە و نابێت ئەو پزیشکانەی کە ئەندامن لەم لیژنەیە لە هەمان کاتدا لە تیمی تایبەت بە نەشتەرگەری چاندن بەژداری بکەن.

٢- لیژنەیەکی ئاکاری پزیشکی و کارگێڕی دەبێ کە هەڵسەنگاند دەکات لە ڕووی پزیشکی و دەروونی و دۆکیومێنتەکان وە ئەم لیژنەیە لایەنە پەیوەندیدارەکان وەک ئاسایش و پۆلیس و باری شارستانی و نوێنەری بەشی یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان بە سەرپەرشتی و چاودێری نوێنەری سەرۆکایەتی داواکاری گشتی دەبێت.

**ماددە (٤):**

کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم ڕێنماییە دژکار بێت.

**ماددە (٥):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)ەوە جێبەجێ دەکرێت.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٣٥٧٠٩ لە ٢٠٢٤/١١/٢٧**

**بەیانی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**
**هێنانەکایەی ناحیەکانی ( شاریا ، مسێریک ، تەناهی )**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە(٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و بەپێی ماددەی (بیست و شەشەم/١) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو وئاماژە بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (٣٧٧ لە ٢٠٢٤/١٠/٣٠) و فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان/سەرۆک وەزیران ژمارە (٥٣٩٣) لە ٢٠٢٤/١١/١١ و دوا بەدوای نووسراومان ژمارە (٢٨٢٨٧) لە ٢٠٢٤/٩/٢٩ سەبارەت بە هێنانەکایەی ناحیەکانی (**شاریا،مسێریک،تەناهی**) لەسنووری پارێزگای دهۆک وهەردوو نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٥٣٢٥) لە ٢٠٢٤/٩/١٠ و (٥٤٥٩) لە٩/١٧/ ٢٠٢٤ و لە بەر بەرژەوەندی گشتی بڕیاردرابە:-

**یەکەم:** هێنانەکایەی ناحیەکانی (شاریا، مسێریک ، تەناهی ) لە سنووری پارێزگای دهۆک .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/١١/١١) وە کاری پێدەکرێت و بڵاودەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی داد**
**ژمارە: ٦٤٠٠ لە ٢٠٢٤/١٢/٩**

**بەیانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٤**

لە بەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە ، بڕیارماندا بە:-

- ڕاگرتنی دەوامی فەرمی تەنها بۆ هۆبەی (ژمێریاری و ووردبینی) بەمەبەستی ئەنجامدانی (جەردی ساڵانەی ئیش و کارەکانی ژمێریاری و ووردبینی ) (فەرمانگەکانی دادنووسی و بەرێوەبەرایەتیەکانی جێبەجێ کردن و بەرێوەبەرایەتیەکانی چاودێری ناکامەکان) سەربە بەرێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد وە پێویستە هەموو فەرمانبەران لە دەوام بن .
- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

١- فەرمانگەی دادنووس لە ڕێکەوتی (٢٤ - ٢٥ - ٢٦/ ٢٠٢٤/١٢)
٢- بەرێوەبەرایەتیەکانی جێبەجێ کردن لە ڕێکەوتی (٢٣ - ٢٤ - ٢٥ - ٢٦/ ٢٠٢٤/١٢)
٣- بەرێوەبەرایەتیەکانی چاودێری ناکامەکان لە ڕێکەوتی ( ٢٥ - ٢٦/ ٢٠٢٤/١٢)

**فەرست احمد عبدالله**
**وەزیری داد**

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٧٨٠٦ لە ٢٠٢٤/١١/٢٦**

**بەیانی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە (٢) لە یاسای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی پەیمانگای (نابینایان) لە سۆران سەر بە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سۆران لە بەر پێداویستیان .

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لە سەر دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٧٨١٤ لە ٢٠٢٤/١١/٢٦**

**بەیانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە (٢) لە یاسای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی پەیمانگای (نابیستان) لە سۆران سەربە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سۆران لە بەر پێداویستیان .

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لە سەر دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**